گـۆڤـاری زانـكـۆی راپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper9

ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٠٥/٠١
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٧/٠٣
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# سیاسەت و ڕەوشت لە دیدی فاراِبیدا

**کیفی ابوبکر حمد[1] - زریان همزه عزیز[2]**

kaify.abubakr@our.edu.krd - zryan.hamzaaziz@uor.edu.krd

[1+2] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

گەورە فەیلەسوف و دامەزرێنەری فەلسەفەی ئیسلامی، فاراِبی خاوەنی سیستەمێکی سیاسی جیهانی گشتگیرە بۆ بەڕێوەبردنی مرۆڤایەتی بەناوی شاری فازیلە. شاری فازیلە ئەو شارەیە کە لەهەموو ڕوویەکەوە لەوپەڕی کامڵی و تەواویەتیدایە و پێچەوانەی شارە نافازیلەکانە و ئاڕاستەمان دەکات بەرەو بەدەستهێنانی بەختەوەری هەتاهەتایی. خەڵکی شاری فازیلەش خاوەن فەزیلەت و چاکەی بێکۆتان و دەست لەناو دەست لەپێناو بەختەوەریدا تێدەکۆشن. فاراِبی بە سودوەرگرتن لە ئاینی ئیسلام و فەلسەفەی یۆنانی کۆن سیستەمێکی سیاسی تۆکمە دادەمەزرێنێت و تێیدا باوەڕی وایە کە ڕەوشت و سیاسەت پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاو بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. واتە لەلای فاراِبی ڕەوشت جەوهەری سیاسەتە و سیاسەتیش دەگات بە فەزیلەت لە چوارچێوەی ڕەوشت بەرزی و پابەندێتی خەڵکی شاری فازیلەوە بە ڕەوشت و ڕەوشتە بەرزەکان. فەرمانڕەوا و سەرۆکی وڵات لەلای فاراِبی زۆر گرنگە. پایە و سەرچاوەیەکی گرنگی جێبەجێکردنی سیاسەت و بنەما باڵاکانی شاری فازیلەیە و دەستەبەری بەدەستهێنانی بەختەوەرییە بۆ خەڵکەکەی. فەرمانڕەوا خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی وەک تەواویەتی دەرونی و جەستەیی و دانایی و ژیرییە کە جیایدەکەنەوە لەتەواوی خەڵکی شار و شیاوێتی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی وڵاتی بۆ دەرەخسێنن. بەم شێوەیە، فاراِبی وەک فەیلەسوفێکی موسڵمان تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنێت و سەرەڕای سودوەرگرتن لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن و بەتایبەتیش فەیلەسوفانی وەک ئەفلاتۆن و ئەرستۆ، جەخت لە هاتنەدی و پاراستنی کۆمەڵێک بنەمای چەسپاوی ئیسلامی وەک باوەڕبون بە خوا و پەیامبەری سەرۆک و فریشتەکان و بونی ئیلهام و وەحی خودایی و ناسینی دەرون و گەردون دەکاتەوە لە دەوڵەتە ئیسلامییەکەیدا. لەڕوی پەروەردە و سیاسەت و ڕەوشت و دابەشکاری چینەکانی کۆمەڵگە و خەسڵەتەکانی سەرۆکی شار

و فەرمانڕەوا 'شافەیلەسوف'وە، خاڵی هاوبەش و جیاواز بەدیدەکرێت لەنێوان فاڕابی و ئەفلاتۆندا. بەراوردکردنی بۆچونەکانی هەردو فەیلەسوف، یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە دید و بۆچونەکانی فاڕابی لە شاری فازیلە و تیۆری دەوڵەتە ئیسلامییەکەیدا بەگشتی و دیدی فاڕابی دەربارەی سیاسەت و ڕەوشت بەتایبەتی.

**کلیلە وشەکان:** سیاسەت، ڕەوشت، شاری فازیلە، فەرمانڕەوا.

## پێشەکی:

بابەتە فەلسەفییەکان بەگشتی و بابەتی فەلسەفەی سیاسی بەتایبەتی هەر لە کۆنەوە بابەتی گەرموگوڕ و جێگەی باس و خواسی توێژەران بون. یەکێک لەو فەیلەسوفە گەورانەی کە لەو بوارەدا هاتۆتە مەیدان و بیری فەلسەفی خۆی پێشکەش بە جیهانی فەلسەفە کردوە بریتییە لە فەیلەسوفی ئیسلامی بەناوبانگ فاڕابی. ئەم گەورە فەیلەسوفە شانبەشانی گەورە فەیلەسوفانی وەک ئەفلاتۆن و ئەرستۆ توانیویەتی کاریگەری دیار و ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە مەیدانی فەلسەفەدا بەگشتی و لە فەلسەفەی سیاسی ئیسلامیدا بەتایبەتی.

کاریگەری دیاری فاڕابی لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناوی 'شاری فازیلە' زۆر بە ڕونی دەردەکەوێت و بە شێوەیەکی سەرەکی وەک بنەمایەک و سیستەمێکی سیاسی ئیسلامی هەژماردەکرێت. لەشاری فازیلەدا، فاڕابی توانیویەتی لێزانانە نەخشەی سیاسی کۆمەڵگەیەکی نمونەیی موسڵماننشین بکێشێت کە تێیدا فەرمانڕەوا و سەرداری شار خاوەن دەسەڵاتی یەکەم بێت لەژێر بنەما و یاسا دەستوری و کۆمەڵایەتییەکانی ئاینی ئیسلام. پشت ئەستور بە بنەما ڕەوشتییە باڵاکان، فاڕابی نمونەیەکی جیهانی جوان لە سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە پێشکەش دەکات.

## گرنگی توێژینەوە:

دیاریکردنی بابەتێکی توێژینەوەی لەم جۆرە بە هەنگاوێکی گرنگی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، چونکە توێژینەوەکە بەڕونی و بە وردی دیدی فاڕابی دەربارەی سیاسەت و ڕەوشت دەخاتەڕو. هەروەها دەروازەیەکی باشە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت زانیاری دەربارەی ڕۆڵی فاڕابی و تیۆری دەوڵەتە ئیسلامیەکەی و شاری فازیلە لەمەیدانی فەلسەفیدا پەیدابکەن.

## گرفتی توێژینەوە:

هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەبێ گرفت نابێت، کە بەیەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت. گرفتی توێژینەوەکە لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا (سیاسەت و ڕەوشت لە دیدی فاڕابیدا) سەرچاوەی گرتوە، هەوڵدراوە چیەتی پرسی سیاسەت و ڕەوشت ڕاڤەبکرێت وەک پرس و کێشەیەک لەنێو جیهانبینی فەلسەفەی ئیسلامیدا، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر گرفتی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکی سەرەکیدا خستۆتەڕو

فارابی چۆن ڕاڤەی پرسی سیاسەت و ڕەوشت دەکات؟ ئایا چ پەیوەندییەکیان هەیە لەنێوان ڕەوشت و سیاسەتدا؟ فارابی وەک فەیلەسوفێکی موسڵمان چۆن تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی دادەمەزرێنێت؟ چ جۆرە سیستەمێک بە سەرچاوەی بەختەوەری تاک و کۆمەڵگا دیاریدەکات لەنێو شاری چاکەدا؟ ئایا ڕەوشت هۆکارە بۆ بەختەوەری تاک؟ ئایا سیاسەت دەکرێت ببێت بە دەستەبەری بەختەوەری؟ ئەو سیاسەتەی فارابی باسی دەکات یوتۆپیایە؟ ئایا دەکرێت پیادەی ئەم جۆرە لە سیاسەت و ڕەوشتە بکرێت لە کۆمەڵگای کوردیدا؟

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە شرۆڤەکردن و ڕونکردنەوەی بۆچون و دیدی فاڕابی دەربارەی سیاسەت و ڕەوشت و شاری نمونەیی فازیلە. هەروەها پێشکەشکردنی شرۆڤەیەکی گرنگ دەربارەی تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی و گرنگی فەرمانڕەوا وەک پایە و سەرچاوەیەکی گرنگ لە شاری فازیلەدا. ئامانجمانە خوێنەری کورد بەگشتی و بەتایبەتیش شەیدایانی فەلسەفەی ئیسلامی فاڕابی، زیاتر ئاشنابن بە بیروبۆچونەکانی فاڕابی لە مەسەلەکانی پەیوەست بە سیاسەت و ڕەوشت و تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی و شاری فازیلە.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە لە بابەتی تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی بەگشتی و سیاسەت و ڕەوشت لەلای فاڕابی بەتایبەتی و لەبەر وردی و ئاسان تێنەگەیشتن لە بابەتە فەلسەفییەکان، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە کە بەشێوەیەکی زۆر ڕون و بەزمانێکی ستاندارد و بەشێوازی شرۆڤەکاری ورد بابەتەکان بخرێنەڕو و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت بە جۆرێک کە خوێنەر ئاسۆیەکی ڕون و تێگەیشتنێکی بابەتیانەی بۆ دروست ببێت دەربارەی تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی و شاری فازیلەی فاڕابی.

## پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە پێکهاتوە لە سێ باس. باسی یەکەم باسی سیاسەت و ڕەوشت لە شاری فازیلەی فاڕابیدا دەکات کە لە دو تەوەر پێکهاتوە. لە تەوەری یەکەمدا باس لە شاری فازیلە لەلای فاڕابی دەکات. لە تەوەری دوەمدا باس لە سیاسەت و ڕەوشت لە شاری فازیلەی فاڕابیدا دەکات. باسی دوەم باس لە ڕۆڵ و پێگەی فەرمانڕەوا لە شاری فازیلەی فاڕابیدا دەکات، کە لە دو تەوەر پێکهاتوە. لە تەوەری یەکەمدا باس لە فەرمانڕەوا وەک پێگەیەکی گرنگ بۆ ڕەوشت و شار دەکات. لە تەوەری دوەمدا باس لە فەرمانڕەوا وەک سەرچاوەیەکی پێویست بۆ شار دەکات. باسی سێیەم باس لە تیۆری دەوڵەت و بەراوردی دیدی فارابی و ئەفلاتۆن لە شاری فازیلەدا دەکات، کە لە دو تەوەر پێکهاتوە. لە تەوەری یەکەمدا باس لە تیۆری دەوڵەت لە لای فاڕابی دەکات. تەوەری دوەمدا باس لە بەراوردی دیدی فاڕابی و ئەفلاتۆن لەنێوان کۆمار و شاری فازیلە دەکات.

## باسی یەکەم:

## سیاسەت و ڕەوشت لە شاری فازیلەی فاڕابیدا

### تەوەری یەکەم: شاری فازیلە"المدینة الفاضلة" لەلای فاڕابی

گرنگترین بەرهەمی فەلسەفی فاڕابی بریتییە لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی شاری فازیلە. ئەم کتێبە ناوبانگێکی جیهانی زۆری پەیداکردوە و بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیسپانی و ئیتاڵی وەرگێڕدراوە. شاری فازیلە و پڕۆژە سیاسیەکەی فاڕابی وێنایەکی نمونەیی بەڕێوەبردنی وڵاتە نەک خەیاڵی ڕوت (بدوی، ١٩٨٤، ٩٤).

لەلای فاڕابی 'شار' بریتییە لە کۆبونەوەیەکی مەدەنیانە، کە خەڵکی دەبەستێتەوە بەیەکەوە. بەیەکەوەبەستنێکی هزری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو. مەبەستی فاڕابی لە شار ئەوە نییە لە ئەمڕۆدا ئێمە لێی تێدەگەین. بەڵکو فاڕابی مەبەستی لە شارەکان شێوەی کۆبونەوەکان لە کۆمەڵگەدا و جۆری پەیوەندییە هزری و کۆمەڵایەتییەکانە کە خەڵکی دەکەنە دەستە و تایەفە و دەوڵەت و میرنشینەکان (عبدالله، ٢٠١٣، ١٣٦).

کەواتە، دەکرێت شاری فازیلە پێناسە بکەین بەوەی کە شارێکە خەڵکی تێدا کۆدەبێتەوە لەسەر بنەمای هاریکاری و چاکەخوازی و کردارجوانی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەختەوەری، لە چوارچێوەیەکدا کە بۆچونی هاوبەشیان هەیە دەربارەی هەریەک لە چەمکەکانی خودا، جیهان، مرۆڤ و ژیانی مەدەنی، بەڵام جیاوازن لەیەکتری بەپێی ئاستی تێگەیشتنیان لەو چەمکانە. لەم ڕووەوە، فاڕابی جیاوازی چینایەتی ڕەچاو نەکردوە و هاونیشتیمانیانی شارەکەی دابەشکردوە بۆ سێ کۆمەڵە کە بریتین لە دانایان، شوێنکەوتەی فەیلەسوفان و تێکڕای هاونیشتیمانیان (مهدی، ٢٠٠٩، ١٨٠-١٨١).

توێژەران ناکۆکن لەسەر مەبەستی فاڕابی دەربارەی چەمکی شاری فازیلە (مدینة الفاضلة). هەندێک لە توێژەران وەک ڕۆزنتاڵ پێیوایە مەبەست لێی یەکەیەکی سیاسی بچوکە وەک دەوڵەت شارەکانی یۆنان (العالي، ١٩٨١، ٥٧).

جمیل صلیبا پێیوایە مەبەستی فاڕابی بەرفراوانترە لە شارێک و گەورەترە لەڕوی پێکهاتنەوە. دەڵێت "یەکگرتنی هەمو میللەتەکانە و کۆبونەوەیانە لەژێر سێبەری یەک فەرمانڕەوا"(صلیبا، ١٩٩٥، ٦٥).

هەروەها الجابری لەم بارەیەوە دەڵێت "هەڵەیە گەر پێمان وابێت فاڕابی وێنای دەوڵەتێکی جیهانی و یەکگرتنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی کردوە. چونکە هەڵەیە گریمانەی ئەوە بکرێت شار لە میللەت و دەوڵەتەکان پێکدێت. لەڕاستیدا شاری فازیلە لەژێر کاریگەری بیروبۆچونی یۆنانی و سیستەمی دەوڵەت شارەکانی یۆناندایە" (الجابری، ١٩٧٥، ٣٣٩-٣٧٦). لەشاری فازیلەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە فاڕابی بێئاگانەبوە لە باری سیاسی سەردەمی خۆی، بەڵام ویستویەتی کاریگەری ڕیشەیی دروستبکات لە کۆمەڵگەدا لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی و کۆمەڵگەیەک دروست بکات لەسەر بنچینەی داد و ڕەوشتبەرزی، کە بەختەوەری مرۆڤی بەلاوە گرنگ بێت. لەبەرئەوە کۆبونەوەی خەڵکی دابەشکردوە بەسەر دو جۆردا. یەکەم:

کۆبونەوەی تەواو ئەو کۆبونەوەیە کە کۆبونەوەی خەڵک دەگرێتەوە لە یەک وڵات و هەرێم و ناوچە و شاردا، دوەم: کۆبونەوەی ناتەواو ئەو کۆبونەوەیە کە لە کۆڵان و گوند و ناوچە بچوکەکاندا دەکرێت (مرحبا، ٢٠٠٧، ٤٦٠).

بە بۆچونی فاڕابی، باشترین و پڕخێرترین و ناوەندی شوێنی کۆبونەوەی خەڵک کە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری تێدا بەدەستبهێنرێت بریتییە لە شار. ئەم خێر و خۆشی و خۆشگوزەرانیەش بە هاریکاری و کاری هەرەوەزی نێوان خەڵکی شاری فازیلە و دورکەوتنەوە لە خراپەکاری بەدەستدەهێنرێت. ئەو کاتەش کۆبونەوەی خەڵکەکە پێیدەوترێت کۆبونەوەی نمونەیی و چاکەکار (جومعە، ٢٠١٦، ٩٤).

لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگی شاری فازیلە تەنها لەوەدا کورتنابێتەوە کە باس لە کۆبونەوەی مرۆیی و پەسندکردنی جۆر و مەرجەکانی بکات، بەڵکو باس لە زۆر پرسی خودایی دەکات. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەو بنچینەیەی فاڕابی شاری فازیلەی لەسەر دامەزراندوە، خوایەتی و یەکتاپەرستی خوایە، کە هەندێک بە ئەنجامێک لە ئەنجامەکانی فەلسەفە گەردونیەکەی دەزانن. هۆی ئەمەش ئەوەیە، کە بیرو بۆچونی فاڕابی لە سیاسەتدا، شوێنکەوتەی بیروبۆچونەکانیەتی دەربارەی عەقڵە ئاسمانییەکان و پەیدابونی هەبوەکان لە هۆی یەکەمەوە. مەبەست لە 'هۆی یەکەم' لەلای فاڕابی، زاتی پەروەدگارە کە هۆی بونی هەمو جیهان و هەمو شتەکانە (صليبا، ١٩٩٥، ١٣٥).

فاڕابی جەخت لەوە دەکاتەوە کە مانەوەی شاری فازیلە بە فازیلەیی بەندە لەسەر مانەوەی سەرکردەکانی و ئەو ڕێ و شوێنانەی لەسەری دەڕۆن بە فازیلەیی. بە پێچەوانەوە، ڕوبەڕوی ڕوخان و گەندەڵی و تێداچون دەبێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر مەرجی دانایی بون لەسەرکردەکانیدا نەمێنێت. تەنانەت ئەگەر سەرۆکی تریش پەیدابن بۆ شاری فازیلە، ئەوا ئەوانیش هەر مەرجە فازیل و دانابن. لەبەرئەوە فاڕابی پێیوایە، بونی سەرۆک و پەیامبەر پێویستن بۆ باشبونی شار و وڵات. لەبەرئەوە، شاری فازیلەی فاڕابی ڕاوەستاوە لەسەر پێغەمبەرێتی و وەحی و سەرکردایەتی شاری فازیلە و وەحی بەردی بناغەی فەلسەفەکەیەتی و شارەکەشی لەسەر خوایەتی و یەکتاپەرستی دامەزراوە (الاردكاني، ٢٠٠٧، ٢٣٢).

گرنگترین و سەرەکیترین مەرج لەلای فاڕابی بۆ دامەزراندن و مانەوەی شاری فازیلە بریتییە لە 'دانایی'. دانایش بریتییە لەوەی عەقڵ باشترین شت بە باشترین زانست بزانێت. لەگەڵ ئەوەشدا فاڕابی پێی وایە کە 'پێغەمبەرێتی' پێویستە لە قۆناغی دامەزراندنی شاری فازیلەدا، بەڵام زەرور نییە بۆ مانەوەی شاری فازیلە. پێغەمبەر یان فەیلەسوفی سەرۆک، کەسێکە باشترین و چاکترین سیستەم بەرهەم دەهێنێت و پێویستە شارەزایی تەواوی هەبێت لەسەر فەلسەفەی بیردۆزی، تاوەکو لەوە تێبگات کە چۆن خوا فەرمانڕەوایی گەردون دەکات، تا لاسایی بکاتەوە (مهدي، ٢٠٠٩، ١٨٩).

سەرەڕای ئەوەش، لەشاری فازیلەدا پێویستە کار و کردەوەی ڕێک و پێک و عەقڵانی بابەتەکان بەرەو یەکلاییبونەوە و بەئاڕاستەی بەدەستهێنانی بەختەوەری ببات. ئەو کار و کردەوانەش بە زانایی و شارەزایی

نەبێت بەڕێوە ناچن و ئامانجی خۆیان ناپێکن بەتەواوی. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێکخراوەیی لە ئەنجامدانی کارەکاندا لەشاری فازیلەدا زۆر پێویستە و بنچینەی ڕاوەستانی شاری فازیلە و هێشتنەوەی پەیوەندی نێوان کۆبونەوەی خەڵکی شارە (جومعە، ٢٠١٦، ٩٦).

لەلایەکی ترەوە، فەزیلەت لەلای فاڕابی بریتییە لە دامەزراوەیەک کە بنچینەی دروستبونی ئەو کارە خۆویستانەیە کە دەمانگەیەنن بە بەختەوەری. بۆیە فاڕابی فەزیلەتەکانی بۆ دو بەش دابەشکردوە. یەکەم: فەزیلەتە عەقڵییەکان، بریتین لە دانایی، عەقڵ، زیرەکی و باشی تێگەیشتن. دوەم، فەزیلەتە ڕەوشتییەکان: بریتین لە فەزیلەتەکانی بەشی مەیلداری، وک داوێن پاکی و دەستکراوەیی و دادپەروەری. بۆیە دەکرێت بە فەلسەفەی فاڕابی بگوترێت فەلسەفەی فەزیلەت (عبدالله، ٢٠١٣، ١٨٢).

فاڕابی کاریگەری دیاری هزری ئیسلامی بەسەرەوە بوە. لەبەرئەوەی دورکەوتۆتەوە لەو بیروبۆچونانەی ئەفلاتۆن کە گونجاو نین لەگەڵ ئاینی ئیسلام. بۆ نمونە، لە حوکمە ئابڕوبەرەکانی وەک هاوبەشی لە چونە لای ئافرەتان و هاوبەشی منداڵان و پابەند نەبونیان بە خێزانەوە و قۆرخکردنی سامان. بۆیە فاڕابی بڕوای تەواوی هەبوە بە یەک پارچەبونی کۆبونەوەی مرۆڤ و بونی گەورەترین و تەواوترین مەعمورە کە هەمو خەڵک لە هەمو جیهاندا بگرێتە خۆی. ئەم تێڕوانینە جیهان بینیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاینی ئیسلام، کە ئاینێکی جیهانییە و تایبەت نییە بە ناوەندێکی بچوکەوە (فاڕابی، ٢٠١٩، ٢٥).

لە بەرامبەر شاری فازیلەدا شارەکانی دژی فازیلە هەن. بە مانایەکی دیکە ئەگەر شارێک فازیل نەبێت، ئەوا دژی شاری فازیلەیە. لەلای فاڕابی سەرجەم شارەکانی تر، جگە لە شاری فازیلە بە نێگەتیڤ باس کراون. لەو شارانەش وەک شاری نەزانی، گومڕا، گۆڕاو و لەڕێدەرچو. فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی ئەم جۆرە شارانە هەمویان دژی شاری فازیلە و سەرکردایەتی و بەڕێوەبەرانی شاری فازیلەن (فاڕابی، ٢٠١٩، ٢٧).

گرنگە کە بزانرێت لە شاری فازیلەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی ناوەڕۆک و چییەتی شاری فازیلە نەکراوە. بەڵکو فاڕابی هەوڵی داوە لەڕێگەی شیکردنەوەی شارە نافازیلەکان و چۆنیەتی هاتنەکایەیان کە پێچەوانەی شاری فازیلەن، ناوەڕۆک و چییەتی شاری فازیلە بخاتەڕو. بۆیە بەم جۆرە شارە نافازیلەییەکانی خستوەتەڕو (فاڕابی، ٢٠١٩، ٢٨):

1. **شاری نەزانی "المدينة الجاهلة"**:
2. شارێکە کە خەڵکەکەی بەختەوەرییان نەناسیوە و بەخەیاڵیشیاندا نەهاتوە. ئەگەر ڕێنماییشیان بکرێت بۆلای بەختەوەری، نە تێیدەگەن و نە باوەڕی پێدەکەن. لەلای خەڵکی شاری نەزانی ماڵ و سامان و سود و لەش ساغی و خۆشی وەرگرتن لە چێژەکان و بەرەڵاکردنی ئارەزوەکان بە بەختەوەری دادەنرێن.

کۆبونەوەی هەمو ئەوانە بەیەکەوە بریتییە لە بەختەوەری ڕەها و دژەکانیشی ئەوپەڕی بەدبەختییە. شاری نەزانی دابەش دەبێت بۆ:

أ. **شاری زەروری "المدينة الضرورية":** بریتییە لەو شارەی کە خەڵکەکەی مەبەستیان کورتکردنەوەیە لە زەروریەتەکاندا، لەوانەی کە جەستە لەسەریان وەستاوە، لە خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگ وشوێنی نیشتەجێبون و ڕابواردن (فاڕابی، ٢٠١٩، ١٣٩).

ب. **شاری بەدالەت "المدينة البدالة":** ئەو شارەیە کە خەڵکەکەی مەبەستیانە هاریکاری یەکتر بکەن بۆ گەیشتن بە ماڵ و سامان و خۆشگوزەرانی. سودیش لەماڵ و سامان و خۆشگوزەرانی وەرنەگرن. بەڵکو ماڵ و سامان و خۆشگوزەرانی خۆی ئامانجی ژیانە.

ج. **شاری سوکی و هەوەس "مدينة الخسة والسقوط":** بریتییە لەو شارەی کە خەڵکەکەی مەبەستیان سود وەرگرتنە لە چێژەکان لە خواردن و خواردنەوە و ژن و ژنخوازی. هەروەها بە تێکڕا چێژوەرگرتن لە هەست پێکراوەکان و ئەندێشەکردن و وروژاندنی گاڵتە و گەپ. بە هەمو شێوەکانی و لە هەمو ڕویەکەوە.

د. **شاری کەرامەت "مدينة الكرامة":** ئەو شارەیە کە خەڵکەکەی هاریکاری یەکتر دەکەن لەسەر ئەوەی ببنە ڕێزدار و پیاهەڵدراو و باسکراو و ناودار لەنێوان گەلاندا. سەربەرز و مەزن بن بە گوفتار و بە کردار. خاوەنی مەزنێتی و گەورەیی بن.

هـ. **شاری دەست بەسەراگر "مدينة التغلب":** بریتییە لەو شارەی کە خەڵکەکەی مەبەستیانە بەوجۆرە بن کە جگە لەخۆیان بەسەر هەمو شتەکاندا زاڵ بن. ڕێگربن لەوەی کە ئەوانی تر بەسەریاندا زاڵ بن. هەمو هەوڵێکیان بریتییە لە چێژ وەرگرتن لە بەسەردا زاڵبون.

و. **شاری بەکۆمەڵ "المدينة الجماعية":** بریتییە لەو شارەی کە خەڵکەکەی دەیانەوێت ئازاد بن، هەریەکەیان ئەو کارە بکات کە حەزی لێیەتی و هیچ شتێک ڕێگە لە ئارەزوەکانیان نەگرێت و بەئارەزوی خۆیان هەڵس و کەوت بکەن.

**2. شاری لەڕێدەرچو "المدينة الفاسقة":** ئەو شارەیە بیروبۆچونەکانی بیروبۆچونی شاری فازیلەیە. بریتییە لەو شارەی دەزانێت بەختەوەری و خوا و عەقڵە دوەمینەکان و عەقڵی کارا چین. هەروەها هەر شتێک کە خەڵکی شاری فازیلە دەیزانن و باوەڕیان پێیەتی شاری لەڕێدەرچوش دەیزانن، بەڵام کرداری خەڵکەکەی کرداری شاری نەزانییە و بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕەفتار دەکەن.

**3. شاری گۆڕاو "المدينة المبدلة":** ئەو شارەیە کە بیروبۆچون و کردارەکانی لە کۆندا هی خەڵکی شاری فازیلە بوە. بەڵام گۆڕاوە و بۆچونی جگە لەوی هاتۆتە ناوەوە. کردارەکانیشی گۆڕاوە بۆ جیاواز لەوە. واتە بۆ جگە لە کرداری شاری فازیلە.

**4. شاری گومڕا "المدينة الضالة":** بریتییە لەو شارەی وا گومان دەبات ئەم ژیانەی تێیدایە هێشتا بەختەوەرییە، بەڵام ئەمە گۆڕاوە. لە بارەی خوا و عەقڵە دوەمینەکان و عەقڵی کاراوە بیروبۆچونی خراپیان هەیە کە شایستە نین بۆیان(فاڕابی، ٢٠١٩، ١٤٠-١٤١).

ئامانجی سەرەکی شاری فازیلە بریتییە لە دەستەبەرکردنی بەختەوەری ڕاستەقینە بۆ تاکەکانی. بەم جۆرە فاڕابی پێی وایە کە ئامانجی سەرەکی مرۆڤ بریتییە لەبەدەستهێنانی بەختەوەری. بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین کە فەلسەفەی فاڕابی فەلسەفەیەکی مرۆیيانەیە. واتە مرۆڤ بە بابەت و سەنتەری بیرکردنەوە دادەنێت. بەختەوەریش بریتییە لەوەی کە مرۆڤ بگاتە ئاستێک لە تەواویەتی لە بوندا تا وای لێبێت لە وەستانیدا پێویستی بە مادە نەبێت. هەروەها بەختەوەری لای فاڕابی بریتییە لە پەرەپێدانی لایەنی عەقڵی و ڕوحی و پەیوەندی بە لایەنی مادیەوە نییە بەهۆی دەرونەوە بەدەست دێت نەک بەهۆی جەستەوە چونکە جەستە لەناودەچێت و دەرون لەناوناچێت، شاری فەزیلەی فاڕابی هەوڵێکە بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەی شارێکی تەواو. تێیدا فەلسەفە باڵادەستە وهەمو تایبەتمەندییە چاکەکانی تێدایە و دانیشتوانەکەی لە ڕەفتاریاندا لەوپەڕی کامڵی و فەزیلەتدان. لەبەرئەوە لە بەختەوەریدا دەژین. بۆیە دەکرێت بڵێین کە فاڕابی شاری فازیلەی لەسەر بیرۆکەی بەهەشت بونیاد ناوە (حمو، ٢٠١١، ٢٩-٣٠).

## تەوەری دوەم: سیاسەت و ڕەوشت لە شاری فازیلەی فاڕابیدا

### 1. سیاسەت لەلای فاڕابی

زیاتر لە هەزار ساڵ فاڕابی فەیلەسوف باسی لە مەترسی سیاسەت وحەزی ناڕاستی دەسەڵاتداران کردوە لە پارە و سامان و دەوڵەمەندبوندا، بەتایبەت کاتێک ئەو ئارەزوبازییە و سەرمایەدارییە زاڵ بێت بەسەر عەقڵ و حیکەمەت و ڕەوشتی فەرمانڕەوایدا. فاڕابی پێی وایە تێکچونی سیاسەت و یاساکانی بەڕێوەبردنی وڵات دەبێتە هۆی تێکچونی کۆمەڵگە بەگشتی. فاڕابی دەوڵەت دەچوێنێت بە جەستەی مرۆڤ و پێی وایە پێویستە سەرجەم ئەندامەکانی لاشەی مرۆڤ بەیەکەوە کاربکەن و هاوکاری یەکتر بکەن. هەروەها فاڕابی ڕای وایە کە هەروەک چۆن دڵ گرنگترین ئەندامی جەستەیە، بەهەمان شێوەش سەرکردە و فەرمانڕەوای وڵات گرنگترین کاربەدەستی وڵاتە. ئەگەر دڵ لەکاربکەوێت، جەستەش دەمرێت و ئەگەر سەرکردە کەم و کوڕی هەبێت، سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتیش تێکدەچێت (قانع، ٢٠١٣، ٢٧-٢٨).

لە سیستەمە سیاسیەکەیدا، فاڕابی تەنها بە قسەکردن لەسەر دەوڵەت شار نەوەستاوە. بەڵکو دەوڵەت شار بە بچوکترین یەکەی کۆبونەوەی سیاسی دەزانێت. بۆیە بیری لە قەوارەیەکی سیاسی گەورەتر کردۆتەوە کە هاوشێوەی دەوڵەتی سەردەم یاخود نەتەوە بوە. فاڕابی بیر لە یەک دەوڵەت و سیستەمی جیهانی دەکاتەوە بۆ هەمو مرۆڤایەتی. پێی وایە پێداویستی و پێکەوەژیانی مرۆیی مرۆڤەکان لە شارەکاندا کۆدەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی بچوکترین یەکەی سیاسی ڕاستەقینە. بەڵام چەندین هۆکاری تری سیاسی و مرۆیی و کەلتوری هەن کە وا لەمرۆڤ دەکەن ژیان لەناو قەوارەیەکی سیاسی گەورەتر لە

دەوڵەت شارێکدا کۆبکاتەوە. ئەمەش یەکگرتنی چەند شارێکی لە چوارچێوەیەکی گەورەدا لێدەکەوێتەوە (جومعە، ٢٠١٦، ٨٥).

فاڕابی گرنگییەکی زۆری بە سیاسەت و ڕەوشت داوە. دەکرێت بگوترێت کە زۆربەی بیروبۆچونەکانی فاڕابی تێکەڵن لە بیرو باوەڕی ئاینی و سیاسی و عەقڵی. و لە هەموشیاندا فەلسەفەی ڕەوشتی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی داوەتەوە. لە دیدی فاڕابیدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان ڕەوشت و سیاسەتدا، بەڕادەیەک کە ناکرێت لەیەکتری جیابکرێنەوە (دسوقی، ١٩٧٣، ١٥٤-١٥٥).

لەم ڕووەوە فاڕابی پێناسەی سیاسەتی کردوە بەوەی کە بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی چۆنییەتی ئەنجامدانی کارە جوان و چاکەکان لە شاری فازیلەدا بەمەبەستی بەدەستهێنان و دەستەبەرکردن و پاراستنی شتە جوانەکان و فەزیلەت بۆ خەڵکەکە. واتە سیاسەت گرنگی دەدات بە چەند دامەزراوەیەک و بنەمایەکی ڕەوشتی و هەوڵی بەدەست هێنانیان دەدات بۆ سەرجەم خەڵکی دەوڵەت بەبێ جیاوازی نەک تەنها لە چوارچێوەی تاکەکەسدا (عاتي، ١٩٩٣، ٢٤٧).

لەلایەکی ترەوە، سیاسەت و هەنگاونانی سیاسی لەلای فاڕابی پێویستە ئامانجێکی گرنگ و گەورە لە پشتییەوە بێت. ئەو ئامانجەش پێویستە بەتەواوی لەلایەن شافەیلەسوف و سەرۆکی شارەوە کاری ورد و بەردەوامی لەسەر بکرێت. هەروەها شا فەیلەسوف لەلای فاڕابی توانای ئەوەی هەیە کە بەشێوازێکی ژیرانە سیاسەتەکانی پەیڕە و بکات و پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕەوشت و سیاسەتدا دروست بکات. پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ خەڵکی شارەکەی دروست بکات و شارەزای دڵ و دەرونیان بێت، تاکو خەڵکی شارەکەی بگەنە پلەی بەختەوەری (الفارابي، ١٩٩٢، ١٨٣).

فاڕابی گرنگییەکی وای داوە بە بیروباوەڕی فەلسەفی و سیاسی کە پێش فەلسەفەی دینی خستوە. واتە ئەوەندەی گرنگی داوە بە فەلسەفەی سیاسی، ئەوەندە گرنگی نەداوە بە فەلسەفەی ئاینی و بابەتە ئاینیەکانی هەمیشە دوای فەلسەفەی سیاسی باس کردوە. بەلای فاڕابی پەسەند نەبوە ڕۆبچێتە ناو بابەتە دینییەکانەوە. هەرچەندە لە فەلسەفەکەیدا هەندێک لە بیروبۆچونە ئاینیەکانی بەدی دەکەین بەڵام بەزۆری خستونیەتە پشت دێرەکانەوە. کەواتە ئاڕاستە عەقڵی و فەلسەفیەکانی فاڕابی زاڵبون بەسەر فەلسەفەی ئاینیدا و کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر فەلسەفەی ڕەوشتی هەبوە، هەروەک چۆن بیروباوەڕە سیاسیەکەی فاڕابی زاڵ بوە بەسەر زۆربەی بۆچونە ڕەوشتییەکانیدا (الفارابي، ١٩٩٢، ١٨٧).

ڕێبازەکەی فاڕابی لە فەلسەفەی سیاسیدا، هەمان ڕێباز بوە کە ئەفلاتۆن و ئەرستۆ گرتویانەتەبەر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە فاڕابی کاریگەری بەرچاوی ئەو دو فەیلەسوفەی بەسەرەوە بوە. لەلای ئەفلاتۆن ڕەوشت و سیاسەت دو شتی لەیەک جیانەبوەن و زۆربەی وتارەکانی وتاری ڕەوشتی بون. هەروەک لەلای فاڕابیش سیاسەت و ڕەوشت ناکرێت لێک جیابکرێنەوە (الأهواني، ١٩٦٥، ١٣٤).

بەم جۆرە سیاسەتی فاڕابی ئەوەبو کە دەسەڵاتدار وەک نمونەیەکی باڵای حوکمداری پێویستە فەیلەسوف بێت. ئەمەش بۆ ئەوەی کاتێک کە خەڵک کۆبونەوە و ویستیان خۆیان بخەنە ژێر ڕکێفی کەسێک، ئەو کەسە بتوانێت بە دانایی و شارەزایی خۆی بەڕێوەیان ببات و بیانگەیەنێت بە بەختەوەری. و باشترین حکومەتیش پەیوەندیدار نییە بە دەستەیەکی ئاینییەوە، کە تێیدا حکومەت زاڵ بێت بەسەر بوارە ئاینی و دونیاییەکاندا (جومعە، ٢٠١٦، ١٠٢).

## 2. ڕەوشت لەلای فاڕابی

ڕەوشت لەلای فاڕابی زانستێکی کردارییە، ڕادەوستێت لەسەر پراکتیزەکردنی کرداری باش و سوپاسکراو و شوێنکەوتنی پێشەنگی چاک بۆ بەدەستهێنانی مەلەکەی کرداری و ڕەوشتی. واتە ڕەوشت گرنگە بە ئەندازەیەک کە وەک زانستێکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت نەک هەر وەک لایەنێکی هەڵسوکەوت (عبداللە، ٢٠١٣، ١٨٧).

بەشێوازیکی تر، زانستی ڕەوشت لەلای فاڕابی بریتییە لە زانستی کردەوە جوانەکان. و ئەو ڕەوشتەی کە هۆکارە بۆ کردەوە جوانەکان و لێوەی دەردەچن جوانی دەبەخشێت بە شتەکان. تا لە کۆتایدا دەبنە مەلەکە و بنەمایەک بۆ ئێمە (الفارابي، ١٩٩٢، ٢٠-٢١).

لەلای فاڕابی، ڕەوشت ئەو بەشەیە کە لە شتەکان جیانابێتەوە. و ئەو هزرەیە یان ئەو بیرکردنەوەیەیە کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی خێر و خۆشی بۆ خەڵکی. ڕەوشت هاوتایە لەگەڵ بیرکردنەوەی دروست بە ئاڕاستەی بەدەست هێنانی بەختەوەری بۆ کۆمەڵگە. هەروەها ڕەوشتی باش خۆی لە ئەنجامدانی کردەوەی باش و دەستەبەرکردنی چاکە لەناو گەل و شاردا دەبینێتەوە کە دەتوانرێت لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە بەدەست بهێنرێن (الاردكاني، ٢٠٠٧، ٢٣٢).

فاڕابی هەوڵی داوە سروشتی دەوڵەتێکی نمونەیی و ئەو مەرجانەی کە پێویستە تێیدا هەبن، بەشێوەیەکی سەرەکی دیاری بکات. یەکەم شت کە بۆچون لەخۆ دەگرێت لە بیری سیاسیدا لەلای فاڕابی بریتییە لە بەرجەستەکردنی بەستنەوەی هەردو جەمسەری ڕەوشت و سیاسەت کە بەدەگمەن نەبێت بەیەک ناگەن (فيناس، ١٩٨٩، ٢٠٢).

بە بۆچونی فاڕابی سیاسەت ڕەوشتە بە پلەی یەکەم، کە زۆر گرنگە بۆ زانستی شارستانی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی و بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە هەمو کارە جوانەکان. ئەو کارە جوان و گەورانەی کە دەتوانن مرۆڤ نزیک بکەنەوە لە تەواویەتی. بە پێچەوانەی کارە ناشرینەکان کە دەبنە هۆی دورخستنەوە لە بەدەستهێنانی تەواویەتی. لەبەرئەوە فاڕابی گرنگییەکی زۆری داوە بە زانستی شارستانی و فەلسەفەی سیاسی. پێیوابوە کە ئەوە تاکە ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری و پێویستە لە یاساکان و کاربەدەستەکان و خاوەن هێز و ڕەوشتەکاندا ڕەنگبداتەوە (الفارابي، ١٩٦٤، ١٥).

لەلایەکی ترەوە، بە بۆچونی فاڕابی هەر شارێک کە بەدڕەوشتی تێدا بڵاوبویەوە، لێکهەڵوەشانی ڕەوشتی لەنێو خەڵکەکەیدا بڵاودەبێتەوە. ئەو شارەش بە شارێکی نەخۆش ناودەبرێت لەلای فاڕابی. لەهەمان کاتدا هەبونی شارێکی باش و تەندروست وابەستەیە بە بونی ڕەوشتێکی بەرز و چاک. ئەو کەسەش کە بەرپرسی فەراهەمکردن و چەسپاندنی ڕەوشتە لە وڵاتدا بریتییە لە فەرمانڕەوا. ئەمەش نایەتەدی بەبێ بونی ئەو ئامێر و ئامرازانەی کە دەبنە مایەی ڕێک و پێکی شارەکە و پابەندبونی خەڵکی بە گرتنی ڕێگای خێر و چاکە (الجبر، ١٩٩٤، ٩١).

لە پابەندییە ڕەوشتییەکاندا فاڕابی زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە فەرمانڕەوا تەواو پابەند بێت بە بنەما ڕەوشتییەکانەوە و وەک هێزێک سەیری فەرمانڕەوا دەکات کە وا لە مرۆڤەکان دەکات پابەندیان بکات بە ڕەوشتەوە و وەدەرنانی کرداری شەڕ و خراپە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرۆکی شار ئاگاداری و شارەزایی هەبێت دەربارەی مەرجە زانستی و زانیاری و ڕەوشتی و پیشەییەکان. ئەمەش واتای ئەوەیە کە لەلای فارابی سیاسەت لەوانەیە لەیەک کاتدا هەم هۆکار و هەم دەرئەنجامێک بێت بۆ فەلسەفەی ڕەوشت. زۆرێک لە بیروبۆچونە ڕەوشتییەکان هۆکارن بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی خودی فەرمانڕەوا. هەروەها ڕەوشتێکی باشیش بەدەست نایەت بەبێ بونی سیاسەتێکی باش لەناو شارێکی باشدا (عبدالفتاح، ٢٠١٠، ١٧٦).

لە فەلسەفەی ڕەوشتدا، فاڕابی هەندێک جار کاریگەر بوە بە بۆچونەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و هاوڕابوە لەگەڵیان. ئەمەش بەهۆی پاکی دەرونیەوە بوە کە بەهۆی هەڵسوکەوتەکانیەوە بەدەستیهێناوە و پێچەوانەی خەڵکی ئاینییە کە دەڵێن ڕەوشت لە ناوەندی زانستە شەرعییەکانەوە سەرچاوەی گرتوە. هەروەها فاڕابی لە هەمو ڕویەکەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە تەنها عەقڵە شتەکان لەیەکتر جیا دەکاتەوە لە ناوەندی خێر و شەڕدا، عەقڵی بەهرەمەندی هەر مرۆڤێک هۆکارێکە بۆ بەدەستگەیشتنی شێوازی باڵا لەگەڵ ئەوەی زانست گەورەترین چەکە بۆ وتنی خێر، ئەمەش هاوتا دەبێت لەگەڵ ڕێبازی ئەفلاتۆندا کە پێی وایە زانیاری سەرچاوەی چاکەکارییە (جومعە، ٢٠١٦، ٧٤).

فاڕابی پێیوایە کە مرۆڤ پێویستە بە پەیژەی زانین و زانستدا سەربکەوێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەختەوەری. ئەو زانستەش کە مرۆڤ دەگەیەنێتە بەختەوەری بریتییە لە زانست بە ڕاستی شتەکان. مەبەستیش لە زانست بە ڕاستی شتەکان، فەلسەفەیە. واتە مرۆڤ لەڕێگەی فەلسەفەوە دەگات بە بەختەوەری. زانستیش بەبێ بونی ڕەوشتی جوان بەتەواوی بەدەست نایەت و کاریگەی تەواو لەسەر خاوەنەکەی دروست ناکات (عبدالفتاح، ٢٠١٠، ١٧٨)، فاڕابی کاریگەر بوە بە بۆچونی ئەرستۆ لە بابەتی گرێدانی سیاسەت بە ڕەوشتەوە. بەڕادەیەک کە ئەرستۆ ئامانجی دروست بونی دەوڵەتێکی بەستۆتەوە بە هەبونی ئامانجێکی ڕەوشتییەوە. بۆچونەکانی فارابی و ئەرستۆ لێک چون. پێیان وایە کە دەوڵەت پێک هاتوە لە گروپێک کە

گیانی هاوکاری بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن دەوڵەت بە ڕاستەقینەیی پێک بهێنن و بەردەوامی پێبدەن (ارسطو، ١٩٥٧، ١٢٥٣).

ناسینی دەرون دەستپێکی گەیشتنە بە ئەوپەڕی بەختەوەری لەلای فاڕابی. بەڵام بە ناسینێکی ڕاستەقینە وەک ئەوەی کە هەیە. و بەختەوەری لەڕێگەی ئەنجامدانی کردارە جوانەکانەوە بەدەست دێت. سەرچاوەی کردارە جوانەکانیش بریتییە لە فەزیلەتەکان. کردارە ناشرین و شتە نزمەکان دژ بە فەزیلەت و بەختەوەرین. لەلای فاڕابی سیاسەت و ڕەوشت دو ڕوی یەک دراون. نە سیاسەت کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوشت، و نە ڕەوشتیش لەسەر سیاسەت. بەڵکو هەردوکیان بە پێشەکی و دەرئەنجامی ئەوی تر هەژماردەکرێن. و کارێکی قورس و گرانە کە جیاکاری لە نێوانیاندا بکرێت، یان سەیری یەکێکیان بکرێت و ئەوی تریان فەرامۆش بکرێت (عبدالله، ٢٠١٣، ١٧٥).

**باسی دوەم:**

## ڕۆڵ و پێگەی فەرمانڕەوا لە شاری فازیلەی فاڕابیدا

### تەوەری یەکەم: فەرمانڕەوا وەک پێگەیەکی گرنگ بۆ ڕەوشت و شار

فەرمانڕەوا لەلای فاڕابی بەگرنگترین پایەی شار دادەنرێت ئەمەش بە مەرجی بونی چەند بنەمایەکی ڕەوشتی بەرز و باڵا تێیدا و جێبەجێ کردنیان لەناو کۆمەڵگەدا، ئەم ناوەندە ڕەوشتیەش دروست ناکرێت و دانامەزرێت مەگەر پاڵپشت بکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارێکی فەرمانڕەواوە کە تەنها کاری جێبەجێکردنی یاساکان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی شار نەبێت، بەڵکو چاودێری جێبەجێ کردنی بنەماکانیش بێت. لێرەدا فاڕابی وەک ئەفلاتۆن هەمو تەرکیزی لەسەر فەرمانڕەوایانە و بە هۆکاری سەرەکی چاکسازی کۆمەڵگەیان دادەنێت. لەو ناوەندەشدا، پرۆژەکەی فاڕابی بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی موسڵمان نشینی عەباسییەکان بوە لە سەدەی چوارەمی کۆچی و لەو فەوزا و هەڵوەشانەوە ڕەوشتییەی کە تێیدا بوە (لبیب، ١٩٨٧، ١٢١).

فاڕابی سەرۆکی شاری کردۆتە هۆکارێکی سەرەکی و گرنگ بۆ پارێزگاری کردن لە ڕەوشتە جوانەکان و گۆڕینی ڕەوشتە ناشرینەکان بەرە و ڕەوشتی جوان بۆ خەڵکی شارەکە. و هەمو ڕێگەیەکی گونجاوی ئامادە کردوە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە. و هەمو کاربەدەست و بەرپرسانی دەسەڵاتی وا لێکردوە کە هەستن بە جێبەجێ کردنی ئەم کارە گرنگە. فەرمانڕەواش بە زانیاری و ڕەوشتی بەرز خزمەتی سیاسەت دەکات لەپێناو گەیاندنی خەڵکەکەی بە بەختەوەری و خۆش بەختی (شلبی، ١٩٨٣، ٢٨).

فاڕابی پێیوایە هەبونی سەرۆکی شار بریتییە لە تەواوترینی بەشەکانی شار لەڕوی یاسا دانانەوە کە پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت بەرەو کاری خێر و باش هەنگاو بنێن، بەڵکو بە فریشتەیەکی پاک و بێگەردی دەبینێت، بەوەی کە هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە جگە لەو هیچ کەسێک ئەو تایبەتمەندیانەی نییە. بەبێ سەرۆک

خەڵکەکە دەبێتە خەڵکێکی فەرمان بەسەرداکراو، بەڵام بەهۆی کاریگەری سەرۆکەوە دەبنە کەسانێک کە سەرکردایەتی کەسانی تر دەکەن (الفارابي، ١٩٦١، ١٣٨).

سەرەڕای ئەوەش، فاڕابی پێی وایە کە بڕیارەکانی سەرۆک و ئەو یاسا و ڕێسایانەی دایاندەنێت نابێت بە هیچ شێوەیەک جێگەی شک و گومان بن بەشێوەیەک دەبێت سەرۆک پاڵ بە خەڵکەوە بنێت هەنگاو بەرەو کاری چاکە بنێن. و ڕێگرییان لێبکات لە خراپە و هەمو کارێکی باش و چاک لەناو بیر و هۆشی خەڵکەکەیدا بچەسپێنێت. هەروەها پابەندیان بکات بەو فەرمانانەی کە دەریان دەکات و ڕێگرییان لێ بکات لەو قەدەغەکراوانەی قەدەغەیان دەکات. و فاڕابی هێزی ژیری و هێزی خواوەندی بەخشیوەتە سەرۆک و پێی وایە دەتوانێت زانستی سەلمێنراو بە بەڵگە لەخۆیدا بەرجەستە بکات و ئیلهامی خودایی بۆ بێت چونکە پیشەی پاشایەتی بەستراوەتەوە بە ئیلهامی خواوەندی (الفارابي، ١٩٩١، ٦٢-٦٤).

لەلایەکی ترەوە، فاڕابی ڕوبەڕوی ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوە بەهۆی ئەو تایبەتمەندیانەی بەخشیونی بە فەرمانڕەوا. هەندێک لە توێژەران لەگەڵ ئەوەدان کە فاڕابی هەنگاوی ناوە بەرەو بە پیرۆزکردنی فەرمانڕەوا ئەگەر نەشی کردبێتە خوا بەوەی کە فەرمانڕەوا ئیلهامی بۆ دێت. ئەم ئیلهامەش هۆکارێکە لەنێوان خوای پەروەردگار و خەڵکدا. فەرمانڕەوا ئەو کەسەیە کە بەرژەوەندی خەڵکەکەی دەناسێتەوە. ئەو کەسەیە کە مامۆستایە. فەرمان دەدات و گوێڕایەڵی دەکرێت، بەڵام تەواوی خەڵک تەنها بریتین لە چەند کەسانێکی هەرزەکار و منداڵ. کەواتە مافی ئەوەیان نییە داوای ڕونکردنەوە لە فەرمانڕەوا بکەن، و نابێت ڕەخنەی لێبگرن و بەرەنگاری ببنەوە. بەڵکو تەنها دەبێت ببیستن و گوێڕایەڵ بن (عبدالفتاح، ٢٠١٠، ٢٠٩).

لەم ڕووەوە، فاڕابی جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە فەرمانڕەوا خاوەنی زیرەکی و ژیریەکی کارا بێت. واتە بەهۆی بەکارهێنانی ژیرییەوە بتوانێت بگات بە کامڵبونی تەواو و لە ئەنجامدا بتوانێت دەسەڵاتێکی ڕەها بۆ سەرکردایەتی کردنی دەوڵەتەکەی مسۆگەر بکات. ئەمەش نایەتەدی بەبێ پارێزگاری کردن لە یاسا و پابەندییە باڵاکانی بەڕێوەبردنی وڵات کە پاشا بە هەمو توانا و هێز و ژیری خۆیەوە جێ بەجێیان دەکات (مطر، ١٩٧٨، ٦٣).

لەلای فاڕابی لەکاتی بڵاوبونەوەی بەدڕەوشتی لە شاردا و نەبونی توانای تەواوی چاکسازی و بەڕێوەبردنی گونجاوی فەرمانڕەوا، شار بەرەو نەخۆشی و ناخۆشی هەنگاو دەنێت. لە هەمان کاتدا، بونی شارێکی باش و تەندروست وابەستەیە بە بونی ڕەوشتێکی باش و چاک. و ئەوەی کە دەبێتە هۆی دورخستنەوەی بەدڕەوشتی لە شار بریتییە لە سەرۆکی شار و ئەو ئامێر و ئامرازانەی کە دەبنە مایەی ڕێک و پێکی شارەکە و پابەندبونی خەڵکی شار بە گرتنی ڕێگای خێر و چاکە (الجبر.١٩٩٤، ٩١).

لەم سۆنگەیەوە، فاڕابی شێوازەکانی دەسەڵات لە سەردەمی خۆیدا ڕەتدەکاتەوە. ئەمەش بە دانانی فەرمانڕەوا بە فەیلەسوف و ڕۆشنبیر و دانا. لەبەرئەوە، فاڕابی لەشارە نمونەییەکەیدا ئەوە دەچەسپێنێت کە پێویستە دەسەڵاتدارانی وڵات لە چینی ڕۆشنبیران بن، بەئامانجی ڕەتکردنەوە و بنەبڕکردنی دەسەڵاتی

خراپەکار و بکوژ وگەندەڵکاران (خلیفه، ٢٠٠٥، ٢٤٥) شاری فازیلە لە جەستەیەکی تەواوی دروستی گیاندارێک دەچێت کە هەمو ئەندامەکانی هاریکاری دەکەن تێکڕا لەسەر بەتەواو گەیاندنی ژیانی گیاندارەکە. هەروەک چۆن سەنتەری چالاکییەکانی جەستە و باشترین ئەندامی جەستە بریتییە لە دڵ، فەرمانڕەواش بریتییە لە گرنگترین و سەرەکیترین کاربەدەستی بەڕێوەبردنی وڵات. کاربەدەستەکانی تریش بەپێی دوری و نزیکییان لە سەرۆک، ئەرک و کارەکانیان دیاریکراوە (فاڕابی، ٢٠١٩، ١٢٥-١٢٦).

فاڕابی پێی وایە مانەوە و سەلامەتی شار و خەڵکەکەی بە فازیلەیەیی سەرچاوەکەی بە پلەی یەکەم بریتییە لە فەرمانڕەواکەی. پاشان ئەم بەرپرسیارێتیە پلە بە پلە دادەبەزێتە خوارەوە بۆ کەسەکانی تری چواردەوری فەرمانڕەوا تا دەگاتە دواین پلەی هاووڵاتی. هەمو ئەمانە بەیەکەوە گرێدراون و کەم و کورتی لە هەریەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوی تر بەجێ دەهێڵێت. فەرمانڕەواش کە چڵەپۆپەی شارە، پێویستە لەڕوی دەرونی و جەستەییەوە تەواو ئامادەبێت و هێزی ژیرەکی تەواوی بەکاربهێنێت لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا. فەرمانڕەوا دەبێت وەک پزیشکێکی دەرونی وابێت و بتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە ڕوبەڕوی خەڵک دەبنەوە (ابوالفتوح، ٢٠٠٠، ١٧٨).

### تەوەری دوەم: فەرمانڕەوا وەک سەرچاوەیەکی پێویست بۆ شار

لەبەربونی گرنگی و پێویستی ڕەوشت وەک پایەیەکی بەهێز و کاریگەر بۆ هێشتنەوەی فەرمانڕەوا بە ژیر و لێزانی، فاڕابی وای لە سەرۆکی وڵات کردوە کە بتوانێت دەسەڵاتی باڵای هەبێت بەسەر تەواوی خەڵکەکەیدا. ئەمەش وادەکات کە فەرمانڕەوا لەلای فاڕابی بە بنەڕەتێکی گرنگ و سەرچاوەیەکی پێویست دابنرێت بۆ شار. فەرمانڕەوا لە پێشەوەی هەموانە و کیانێکە کە ڕەوشتی تێدا بەرجەستە دەبێت و خاوەنی دەرونێکی جوان و پاک و بێگەردە. هەر ئەمەشە کە توانایەکی کاریزمی پێ دەبەخشێت. ئەمانەش وا لە فەرمانڕەوا دەکەن کە توانای بەڕێوەبردنی وڵات بگرێتە دەست و خەڵککەشی پێوە پابەند بکات و بتوانێت کەم و کورتییەکانی خەڵک و شارەکەی چارەسەر بکات. فاڕابی پێی وایە کە سەرۆک لەناو خەڵکدا هەڵنابژێردرێت، بەڵکو هەڵبژێردراوی خوایە و دەبێتە مایەی بەرقەراربونی ئارامی و ئاسایش و هاوسەنگی شار (عاتي، ١٩٩٣، ٢٥٣).

لەمەوە دەردەکەوێت کە لەلای فاڕابی هەبونی فەرمانڕەوایەک لەپێش هەبونی شارەوەیە. ئەمەش بە ئاشکرا پەیوەندی شار بە بونەوەرە دەردەخات. هەروەک چۆن ڕێکخستنی بونەوەرەکان بە دۆزەرەوەی بونەوەرەکان کە پەروەردگارە و لوتکەی هەڕەمی بونە دەست پێدەکات. واتە بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە سەرەوە بەرەو خوارەوە. بەم جۆرە لەلای فاڕابی شار لە فەرمانڕەواوە کە لوتکەی هەڕەمی دەسەڵاتە بنیات دەنرێت. بەم جۆرە فاڕابی وێنایەکی بۆ دروستبونی شار کێشاوە کە هاوتا بێت لەگەڵ دروستبونی بونەوەر. هەروەک چۆن دروستکاری بونەوەر لە لوتکەی سەرەوەی بونەوەردایە، فەرمانڕەواش بەهەمان شێوەیە و ئیش و کاری وەک خوای پەروەردگارە لە بەڕێوەچونی بونەوەردا (Tesch, 2020), سەرەڕای ئەوەش،

بەخشینی ئەم تایبەتمەندیانە بە فەرمانڕەوای شار مانای ئەوە نییە ئەم شارە شارێکی باشە. چونکە شار لەسەر بونی تاک دانامەزرێت. جا ئەو تاکە هەر تاکێک بێت و توانا و لێهاتویەکانی هەر چەندێک بێت. باشبون و کامڵبونی فەرمانڕەواش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەوروبەر و خەڵکەکەیەوە کە گوێڕایەڵی فەرمانە چاکەکانی بن و ڕێگری بکەن لە قەدەغەکراوەکانی. ئەو کاتەش دەگەین بە پلەی بەختەوەری (عاتي، ١٩٩٣، ٢٦١).

لەلایەکی ترەوە، فاڕابی توشی ڕەخنە دەبێتەوە ئەگەر پێی وابێت فەرمانڕەوا تەنها دەتوانێت سەرکردایەتی شاری فازیلە بکات کە بەهیچ شێوەیەک جێگەی خەڵکی نەزان و خراپەکاری تێدا نابێتەوە و مەرجە هەمو چواردەوری فەرمانڕەوا کەسانی باش و چاک بن. لەبەرئەوە پێویستە فەرمانڕەوا توانای مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی خراپی شارەکەیدا هەبێت و بتوانێت بە شارەزایی و لێزانی خۆی بەرەو باشی بیانگۆڕێت (الفارابي، ١٩٩١، ٥٦).

فاڕابی بەرنامەیەکی تێر و تەسەلی داناوە بۆ پەروردەی خەڵک لەناویشیاندا فەرمانڕەوا. هەمو ئەو زانستانەشی دیاری کردوە کە پێویستە فەرمانڕەوا فێریان بێت. لەبەر ئەوە پیشەی فەرمانڕەوایی لەلای فاڕابی تەنها نەبەستراوەتەوە بە سروشت، بەڵکو بەستراوەتەوە بە عادەت و ڕاهاتن و بەدەستهێنانەوە. و ئەگەر فاڕابی شارێکی باش بە لاشەیەک بچوێنێت و سەرەکەی بریتی بیت لە فەرمانڕەوا، ئەوا ناتوانێت سەرکردایەتی تەواوی ئەندامەکانی تری لاشە بکات. ئەم ڕێبازەش پێشتر لەلایەن ئەفلاتۆنەوە گیراوەتە بەر کە دەوڵەتی چواندوە بە لاشەیەکی ئەندامی و سەرەکەی بریتییە لە چینی فەرمانڕەواکان (ابوالفتوح، ٢٠٠٠، ١٧٢).

لەلای فاڕابی فەرمانڕەوا پیرۆزە و لەلایەن خەڵکی شارەوە بە پیرۆز سەیردەکرێت. ئەمەش بەهۆی ئەو وەحیەی کە لەلایەن خواوە بۆی دێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرۆکایەتیەکی باش وابەستەیە بەو وەحیەی کە لەلایەن خواوە بە فەرمانڕەوا دەبەخشرێت. بەم جۆرە فەرمانڕەوا لەڕێگەی دەرونێکی بەهێزی وەحی وەرگر و ژیری و داناییەکی بەردەوام و کارا وەک کۆڵەکەی سەرەکی ڕاوەستانی شار کاردەکات (الفارابي، ١٩٩١، ٤٤).

بە بۆچونی فاڕابی ئاین ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پەروەردە و پێگەیاندنی فەرمانڕەوا. هەروەها وا لە فەرمانڕەوا دەکات کە خەڵکەکەشی بەهەمان شێوە و ڕێگا ئاینیەکان پەوەردە بکات. فاڕابی پێیوایە ئاین گونجاو و شیاوە بۆ ئاڕاستەکردن و ڕێنوێنی کردنی خەڵکی بەرەو تەواویەتی و بەختەوەری، هەروەها بەخشینی بارودۆخێکی تەندروست بە شار. لەبەرئەوە فاڕابی دوپاتی دەکاتەوە کە ئاین ئامرازیکە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەلایەن فەرمانڕەواوە بەمەبەستی باشکردنی بارودۆخی شار و هاونیشتیمانیان (Germann, 2016).

## باسی سێیەم:

## تیۆری دەوڵەت و بەراوردی دیدی فاراِبی و ئەفلاتۆن لە شاری فازیلەدا

### تەوەری یەکەم: تیۆری دەوڵەت لەلای فارابی

فارابی بە ڕابەر و دامەزرێنەری بیر و فەلسەفەی سیاسی یۆتۆپی نمونەی باڵای ئیسلامی دادەنرێت کە هەوڵیداوە لەم ڕێگەیەوە کەم و کورتییەکانی سیستەمی سیاسی سەردەمەکەی خۆی، کە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی عەباسیەکانە و هۆکارەکانی دارمانی بخاتە ڕو (صقر، ١٩٨٩، ٤-٧).

فارابی یەکەم کەسە کە هەوڵی داوە فەلسەفەی سیاسی کلاسیک بە ئاینی ئیسلامەوە ببەستێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش لە کۆشش دابوە فەلسەفەی یۆنانی بە چەمکی ئیسلامی دەربڕێت. ئەمەش بەڕادەیەک بوە کە وای لە فەیلەسوفێکی وەک لیوشتراوس کردوە لەبارەیەوە بڵێت " پێگەی فارابی لە فەلسەفەی سیاسی ئیسلامیدا هاوتایە لەگەڵ پێگەی سوکرات و ئەفلاتۆن لە فەلسەفەی یۆناندا" (شتراوس، ٢٠٠٥، ٣٠٥).

ئەو سیاسەتەی فارابی دایناوە، زۆر بە ڕونی لە شاری فازیلەدا دەردەکەوێت کە تێیدا باسی ئەو ڕەوش و بارودۆخانە دەکات کە وا لە مرۆڤ دەکەن بەباشی بژیت و بگات بە بەختەوەری. فارابی پێیوایە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بۆئەوەی بگات بە کاملی، پێویستە لە کۆمەڵگەدا بژیت و تێکەڵی خەڵک بێت. هەمو مرۆڤێک بە سروشتی خۆی وا دروست کراوە کە هەم لە مانەوەی و هەم لە گەیشتن بە بەرزترین ئاستی کاملی خۆی پێویستی بە زۆر شتە و ناتوانێت بە تەنها هەمو پێداویستیەکانی دابین بکات. لەبەرئەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی پێویستە بەکۆمەڵ بژیت (الفارابي، ١٩٩٢، ٢٥١).

بەشێوەیەکی گشتی لە ئاینی ئیسلامدا فەرمانڕەوا بریتییە لە خوا کە چاودێر و دادوەری هەمو دروستکراوەکانیەتی. خوا ئاگادارە بە هەمو دروستکراوەکانی و هەمو شتێک لەسەر ویستی ئەو ڕودەدات. داهێنەری هەمو یاسا گەردونی و خۆویست و خۆنەویستە خوایی و مرۆییەکانە. یاسا مرۆییەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەلایەن خواوەوە بە پەیامبەردا بۆ مرۆڤایەتی ڕەوانەکراون کە ڕێ و شوێنی پێویست بۆ مرۆڤەکان دیاری دەکەن. پەیامبەر کە نوێنەری خودایە لەسەر زەوی، ڕێنماییەکان و ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ڕۆژی دواییەوە هەیە پێشکەشی خەڵک دەکات. لەلایەکی تر، ژیانی دونیایی ڕێک دەخات. لەبەرئەوە، ئەرکی پەیامبەر جێبەجێ کردنی هەمو ئەو شتانەیە کە خودا دەیەوێت لەسەر زەوی. کەواتە دەکرێت بڵێین ئیسلام واتە ئاین و دەوڵەت و پەیامبەر کە هەڵگری پەیامی ئیسلامە، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسلامیشە (عمارة، ٢٠٠٧، ٣١).

بنەڕەتی حوکم لە ئیسلامدا ئیلاهییە مەبەستەکەشی هەر ئیلاهییە. بەڵام جێبەجێ کردنەکەی ئەرکی مرۆڤە. بەمانایەکی تر، لە سیستەمی سیاسی ئیسلامیدا یاسا بنەڕەتیەکان ئیلاهین، بەڵام گونجاندن و جێبەجێ کردنی لەگەڵ ڕەوش و بارودۆخە جیاوازەکان بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان دەگۆڕێن.

لەلای فارابی دەکرێت حکومەتی ئیلاهی بە دو شێواز و ئاراستە بخرێتە ڕو:

**1. حکومەتی گەردونی:** واتە گەردون و یاساکانی بەڕێوەبردنی گەردون داهێنانی خودای دانا و زانان. مەبەستیش لە حاکم بونی خوا ئەوەیە هەمو داهێنراوێک بەو یاسایانەی لەلایەن خواوە بۆی دانراوە مەحکومە. لەو ناوەندەدا مرۆڤ تەنیا توانای درکپێکردن و بەکارهێنانی بەشێک لەو یاسایانەی هەیە.

**2. حکومەتی ئاینی:** لە ڕێگەی وەحی و ئیلهام و یاسا ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دێتە دی. لە ئاینی ئیسلامدا خوا حاکمی ڕەهایە و پەیامبەر محمد (صلی الله علیه و سلم) نوێنەری ئەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەم دونیایە و ڕێنمایی کردنی موسڵمانان بۆئەوەی بەختەوەری ڕاستەقینە بەدەست بهێنن لە جیهانەکەی تردا. حکومەتی ئیسلامی لەڕاستیدا پەسندکردنی هەمەلایەنەی فەرمان و دەسەڵاتی خوایە ئەگەر لە گەردون یاخود لە جیهانی ئاینیدا بێت. هەروەک خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (.... وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ) (لەبەرامبەر دەسەڵاتی خوا، ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە چ بیەوێت و چ نەیەوێت سەری ملکەچی دادەنەوێنن و هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێنەوە) (سورة آل عمران، آية: ٨٣).

هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (.....إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ...) (حوکم و فەرمان تەنها بۆ خودایە. فەرمانی کردوە جگە لەو کەس نەپەرستین. ئەوەیە دینی ڕاست و جێگیر) (سورة يوسف، آية: ٤٠).

لایەنێکی گرنگ و دیاری تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی بریتییە لە جیهانیبونی ئاینەکە کە خوا بۆ هەمو جیهانی وەک یەک ڕەوانەکردوە. لەبەرئەوە ئەرکە هەمو مرۆڤێک ببێتە موسڵمان بۆئەوەی چارەنوسێکی باشی هەبێت لە جیهانەکەی تر. واتە پەیامبەر خاوەن پەیامێکی گەردونی جیهانییە بۆ هەمو خەڵکی سەرزەوی نەک تەنها بۆ نەتەوە و خەڵکێکی دیاریکراو. ئەم بۆچونە ئیسلامیانە کاریان کردۆتە سەر فاڕابی و ڕەنگدانەوەیان هەبوە لەسەر پلانی داڕشتنی سیستەمە گەردونیەکەی (Germann, 2016).

لایەنێکی تری تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی بریتییە لە کێشەی گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات. ئاشکرایە لەسەردەمی پەیامبەر محمد دا (صلی الله علیه و سلم) بەهۆی دابەزینی وەحی و سەرکردایەتی کردنی موسڵمانان لەلایەن خودی پەیامبەرەوە هەر کێشە و ناکۆکییەک هەبوایە ئاسان چارەسەر دەکرا. بەڵام دوای کۆچی دوایی پەیامبەر کێشەی جێگرتنەوەی پەیامبەر سەری هەڵدا. ئەم کێشەیەش لەدوای ناشتنی پەیامبەر ڕویدا. ئەو کاتەی بەشێک لە کۆچبەران و پشتیوانان لە شوێنێک بەناوی سەقیفە ناکۆکیان تێکەوت. هەر لایەکیان دەیویست جێگرەوەی پەیامبەر لە خۆیان بێت. دواتر ئەبوبەکری سدیق و عومەری کوڕی خەتاب کێشەکەیان چارەسەرکرد و بە پێشنیاری عومەری کوڕی خەتاب، ئەبوبەکری سدیق وەک جێنشینی پەیامبەر هەڵبژێردرا. بەڵام موسڵمانان دابەش بون بۆ شیعە و سوننە. شیعەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبون کە جێگرەوەی پەیامبەر هەر لە هۆزی قوڕەیش بێت، بەڵکو پێیانوابو عەلی کوڕی ئەبو تالیب کە ئامۆزای پەیامبەرە و هەر لەمنداڵییەوە موسڵمان بوە شایستەترین کەسە بۆ جێنشینی پەیامبەر (برنجكار، ١٣٩١، ١٦-١٧).

دوای کۆتایهاتنی جێنشینێتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست. دەکرێت بوترێت موعاویە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسلامییە بە واتا سیاسیەکەی. لەوە بەدواوە خەلافەتی ئەمەویەکان و دوای ئەوانیش عەباسیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست. فاڕابی لە سەردەمی جێنشینایەتی عەباسییەکاندا ژیاوە و لەنێو کێشمە کێشمی سیاسی و ئاینی و فەلسەفی سەردەمی عەباسییەکاندا ژیاوە و گەورە بوە (Germann, 2016).

فاڕابی چەندین بنەمای سەرەکی ئیسلام بە پێویست دەزانێت بۆ هەمو تاکەکانی شاری فازیلە. ئەم کارەی فاڕابیش هەوڵ و کۆششی ئەو لە گونجاندنی ئاین و فەلسەفە دەردەخات و گرنگی و پێگەی ئاین لە پێکهاتەی شاری فازیلەدا بەرجەستە دەکات. لەو بنەما ئاینیانەش کە دایناون وەک:

1- ناسینی هۆکاری یەکەمی هەبوەکان و سیفەتەکانی کە خوای پەروەردگارە.

2- ناسینی هەبوە نا مادی و پەتییەکان واتە فریشتەکان تا دەگاتە ناسینی عەقڵی کارا.

3- ناسینی جەوهەرە ئاسمانیەکان و تایبەتمەندیەکانیان.

4- زانینی چۆنیەتی پەیدابون و لەناوچونی تەنە سروشتییەکان.

5- پەی بردن بە چۆنیەتی مرۆڤ و دەرونی و هێز و تواناکانی.

6- ناسینی فەرمانڕەوای یەکەم (پەیامبەر) و زانینی ئەوەی چۆن وەحی بۆ دێت.

7- ناسینی ئەو چارەنوسەی مرۆڤ دوای مردن پێی دەگات (الفارابي، ١٩٩٢، ٣٠٧-٣٠٨).

لە دەوڵەتەکەی فاڕابیدا، هەر ئەندامێک ئاست و پلەو پایەیەکی تایبەتی هەیە، کە بەپێی دوری و نزیکی لە فەرمانڕەوا دیاری دەکرێت. وەک خۆر کە هەتا لێی نزیک بیت ڕوناکتری و هەتا لێی دور بیت ڕوناکیەکەی کەم دەکات. بەهەمان شێوە لە شاری فازیلەدا هەر تاکێک گوێڕایەڵی ئامانج و مەبەستێکە کە پلە و ئاستێک لەو بەرزترە. بەم شێویە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە دوا پلەی هەڕەمەکە، کە فەرمانڕەوای شارە. فاڕابی سیستەمێکی یەک بەدوای یەکی هەڕەمی پێکدەهێنێت کە بە فەرانڕەوای شار کۆتاییپێدێت. هەمو ئەمانەش بە مەبەستی گەیشتنە بە بەختەوەری. هەروەک فاڕابی جەخت دەکاتەوە لەوەی کە "هەمو بەش و ئەندامەکانی شاری فازیلە دەبێت لە کار و چالاکییەکانیاندا بە ئاگامەندانە و ڕێکوپێکی گوێڕایەڵی ئامانج و مەبەستی فەرمانڕەوا بن" (الفارابي، ١٩٩٢، ٢٦٤).

دیارترین بۆچونەکانی فاڕابی لەسەر ئەم چەمکانە "سیاسەت، پەروەردە، چینەکانی کۆمەڵگا، خەسڵەتەکانی فەرمانڕەوا - یان سەرۆکی شار بەم جۆرە دەخەینەڕو:

**یەکەم: سیاسەت لەلای فاڕابی**

فاڕابی زیرەکانە توانیویەتی وێنەی دەوڵەتێکی تۆکمە و بەهێزی سیاسی لە شاری فازیلەدا بکێشێت. لەو ناوەندەشدا، فاڕابی توانیویەتی پەیوەندییەکی بەهێز دروست بکات لە نێوان هەردو جەمسەری ڕەوشت و

سیاسەت کە بەدەگمەن نەبێت بەیەک ناگەن. فاراِبی پێی وایە کە سیاسەت ڕەوشتە بە پلەی یەکەم، و زۆر گرنگە بۆ زانستی شارستانی و لە هەمو کارە جوانەکان دەکۆڵێتەوە، وەک چاکە. و لە هەمو ئەو گەورەییانە دەکۆڵێتەوە کە مرۆڤ دەگەیەنن بە تەواویەتی. بە پێچەوانەی هەمو کارە خراپ و ناشرینەکان کە دەبنە هۆی دورخستنەوەی مرۆڤ لە خۆشبەختی. لەبەرئەوە پێویستە زانستی سیاسی زانستی هەمو ئەو شتانەبێت کە بەهۆیانەوە دانیشتوانی شار دەگەن بە خۆشبەختی (الفارابي، ١٩٦٤، ١٦).

بە بۆچونی فاراِبی سیستەمی سیاسی پێویستە لەسەر هەردو بنەمای دادپەروەری و چاکەکاری دابمەزرێت و سیستەمێک بێت گونجاو بێت لەگەڵ ژیان سروشت و ڕەوشتی ئەو تاکانەی حوکمیان دەکات و ژیانیان ڕێک دەخات. یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی فەلسەفەی سیاسی فاراِبی بریتییە لە زانین. فاراِبی پێی وایە حوکمڕانی باش پێویستە لەسەر بنەمای هەبونی زانینێکی ڕاستەقینە و دڵنیاکەر دروست بێت. بە پێچەوانەوە، ئەگەر سیاسەت و حوکمڕانی لەسەر زانیاری چەوت و ناڕاست دابمەزرێت ئەوا هەر لەسەر لاری و چەوتیش بەرێوەدەچێت (قانع، ٢٠١٣، ٣٢-٤٢).

**دوەم: پەروەردە لەلای فاراِبی**

فاراِبی گرنگییەکی زۆری بە پەروەردە داوە. ئەمەشی لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە داڕشتوە. بە بۆچونی فاراِبی لە دو ڕێگەوە مرۆڤ دەتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی پەوروەدەیەکی تەندروست.

**1. ڕێگەی وتە و بیرۆکەی ڕازیکەر:** لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی بەرامبەر دروست بکات و بەرەو ئاڕاستەیەکی تەندروست هەنگاوی بنێت. ئەمەش وا لە کەسەکە دەکات کە لێکدانەوە بۆ قسەکان بکات و دەرئەنجامەکان بخەملێنێت و بەپێی لۆژیک و ژیری بیکات بە بیردۆزە و لەژیانیدا کاری پێ بکات و ببێت بە بەشێک لە پەروەردە و ڕەوشتی ئەو کەسە.

**2. ڕێگەی تۆبزیکاری:** ئەم ڕێگەیەش بەکاردەهێنرێت لەگەڵ کەسە هەڵگەڕاوە و یاخیبوەکان لە خەڵکی وڵات و گەلان و ئەوانەی کە لەپێناوی چاکەدا شۆڕشیان نەکردوە و هەڵقوڵاوی دەرونی خۆشیان نەبوە. لەمەوە دەردەکەوێت کە فاراِبی بەکارهێنانی تۆبزیکاری لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بە پەسەند دەزانێت بەتایبەتی لەگەڵ خەڵکی ئەو شوێنانەی کە نە قسەی ڕازیکەر و نە لۆژیک سودی بۆیان هەیە. کەواتە فاراِبی پێیوایە کە پەروەردە یان لەڕێگەی خۆشەویستییەوە دەبێت یان لەڕێگەی ڕق لێبونەوەوە کە تێیدا سەرکۆنەی کەمتەرخەمان دەکرێت و لێیان دەپرسرێتەوە، بەم شێوەیە، پەروەردەی فاراِبی هاوتەریبە لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام. هەروەک شەریعەت و ئاینی ئیسلام تەنها ئاینێکی ئاسمانی و خودایی نییە کە تەنها بریتیبێت لە بەندایەتی و بەس. بەڵکو پەیڕەو و ڕێبازی ژیان و بیرکردنەوە و مامەڵەکردن و کۆکردنەوەی دین و دونیا و زانین و کردەوەیە. و پارێزگارییە لە بەها جێگیرەکان و کرانەوەیە لە چوارچێوەی هێڵە گشتی و بەها تایبەتیەکاندا (السعيدي، ٢٠٠٦، ٢٠٠-٢٠٥).

## سێیەم: چینەکانی کۆمەڵگا لەلای فاراِبی

فاراِبی پێی وایە کە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەتەنها ناتوانێت ژیانێکی شایستە دەستەبەر بکات و بگات بە کامڵی و بەختەوەری. لەبەرئەوە پێویستە پشت ببەستێت بە هاریکاری و کاری هەرەوەزی و توانای خۆگونجاندن و جێکردنەوەی شوێنی خۆی هەبێت لە کۆمەڵگەدا. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ بونەوەرێکی شارستانییە و بە سروشت حەزی لە پێشکەوتن و داهێنانە (السعیدی، ٢٠٠٦، ١٨٦-١٨٨).

لە کتێبی شاری فازیلەی فاراِبیدا، هیچ تەوەر و باسێک تەرخان نەکراوە بۆ شیکردنەوەی چین و پلە و ئاستەکانی کۆمەڵگا. بەڵام لە کتێبی 'فصول المدني' دا، فاراِبی کۆمەڵگە دابەش دەکات بەسەر (پێنج) چیندا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. **فەرمانڕەواکان:** ئەوانەن کە فەرمانڕەوا و کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی شاری فازیلەن. خاوەن فەزیلەت و فەلسەفەن و درکیان بە ڕاستی کردوە و باڵاترن لە هەموان و فەرمانڕەوا و سەرۆکی شاری فازیلەن.
2. **زمانزانان:** واتە پیاوچاکان و گوتاربێژان، ڕەوانبێژان، شاعیر و نوسەران کە زمانی گوفتاری فەرمانڕەوان. واتە پەیامەکانی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران بە دانایی و لێزانییەوە بە دانیشتوانی شاری فازیلە دەگەیەنن و گوێڕایەڵی فەرمانڕەوان.
3. **خەمڵێنەران:** ژمێریارەکان، سۆفیەکان، ئەندازیارەکان و ئەستێرەناسەکان دەگرێتەوە. ئەمانە پارێزگاری لە یاساکانی دادپەوەری دەکەن.
4. **سەربازەکان یان جەنگاوەران:** ئەمانە سەرباز و پارێزەرەی شارن لە مەترسی و هێرشی دەرەکی و ناوەکی. سنوری شار دەپارێزن لە دەستدرێژی دەوروبەر و ڕوبەڕوی گشت هەوڵێکی نائاسایی دەبنەوە کە ببێتە هۆی مەترسی بۆ دەسەڵاتی بەڕوەبردن و ئاسایشی شار.
5. **پیشەوەران:** ئەمانەش ئەرکیان دابینکردنی خواردەمەنی و پێداویستیەکانی چینەکانی ترە و سەرقاڵی مامەڵە و کارکردنن (الفارابي، ١٩٦١، ٥٣).

## تەوەری دووەم: بەراوردی ئەفلاتۆن و فاراِبی لەنێوان کۆمار و شاری فازیلەدا:

گومانی تێدانییە کە کتێبی کۆمار و بەشێوەیەکی گشتی بیروبۆچونە فەلسەفییەکانی ئەفلاتۆن کاریگەرییان هەبوە لەسەر فاراِبی و ئاسەواری ئەو کاریگەریانە بەڕونی لە بیرۆکە و پلانی دارشتنی کتێبی شاری فازیلە و بۆچونە فەلسەفییەکانیدا دیارە و ڕەنگیان داوەتەوە. بەڵام دەکەوینە هەڵەوە ئەگەر پێمان وابێت فاراِبی تەنها بیروبۆچونەکانی ئەفلاتۆنی دوبارە کردۆتەوە و ڕەسەنایەتی لە کتێبی شاری فازیلەدا نییە. سروشتی فاراِبی وابوە کە وێڵی ڕاستی بوە و ڕاستی لەکوێ بوبێت ئەویش لەوێ بوە. هەوڵی داوە و لەلای هەرکەسێک بابەتێکی شک بردبێت کە لەگەڵ بیروبۆچونەکانیدا گونجابێت وەری گرتوە (فاخوری و جر، ١٣٧٣، ٤١٩).

بۆیە دەتوانین گرنگترین کاریگەریەکانی فاراِبی و ئەفلاتۆن و بیروبۆچونەکانیان لەشاری فازیلەدا بەم شێوەیەی خوارەوە بەراورد بکەین و دەستنیشان بکەین.

1. بیروبۆچونەکانی فاڕابی دەربارەی 'دەرون' دژیەکی تێدایە و زۆر ڕون نییە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەلایەک لەژێر کاریگەری ئیســـلام و لەلایەکی ترەوە لەژێر کاریگەری فەلســـەفەی یۆنانی دایە. هەروەک دەڵێت: ' دەرونە خراپەکان لەپاش مەرگ لەنێو نەهامەتی و بەدبەختی هەتاهەتایی دەمێننەوە" ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەرون نەمرە و تەنانەت دەرونە خراپەکانی وەکو دانیشتوانی 'شاری نەزانیش' نەمر و هەتاهەتاین. بەڵام لەپاش نەمانی جەستە لە بەدبەختی بێ بڕانەوەدا دەبن (الفارابي، ١٩٩١، ١٤).

لەلایەکی ترەوە، کاریگەری ئەفلاتۆن لەم ناوەندەدا لە دو ڕوەوە بەرچاودەکەوێت: یەکەم: دەربارەی ئەوەی جەستە وەک زیندانێک وایە، کە دەرون تێیدا بەندکراوە. بۆیە پێویستە خۆی ڕزگار بکات لە کۆت و بەندی مادە. لەژێر کاریگەری ئەم بۆچونە، فاڕابی پێی وایە دەرون کاتێک دەگاتە کامڵی، چیتر لە مانەوەیدا پێویستی بە مادە نامێنێت و لە کۆت و بەندی ڕزگاری دەبێت و دەگاتە نەمری و بەختەوەرەی هەتاهەتایی.

دوەم: فاڕابی وەک ئەفلاتۆن پێی وابو فەلەک و هەسارەکانیش خاوەن دەرونن، بەڵام جەوهەری دەرونی مرۆڤ لەگەڵ دەرونی فەلەک و هەســـارەکان جیاوازن، چونکە تەنە ئاســـمانییەکان هێزی هەســـتکردن و ئەندێشەیان نییە، بەڵکو ئەو تەنانە عەقڵی پەتین (كرماني، ١٣٧٦، ١٦٧).

2. لە دیدی فاڕابیدا، زانین جۆرێکە لە ڕوناک بونەوە و ئیشراقی ئاسمانی، کە مرۆڤ لە بەرزترین ئاستیدا دەتوانێت پێی بگات. لەم کایەدا فاڕابی داهێنانی خۆی هەیە. ئەگەرچی کاریگەری تیۆری لەســـەرەوەڕژانی ئەفلاتۆن بەرچاو دەکەوێت، بەڵام لەڕاســـتیدا فاڕابی ئەرک و ڕۆڵی فێربون و زانین دەخاتە ســـەر عەقڵی کارا، کە ئەمەش داهێنانی خۆیەتی و لە فەلســـەفەی یۆنانیدا بەرچاو ناکەوێت. لەلایەکی ترەوە، گرنگی دان بە هێزی ئەندێشە و بەرزکردنەوەی پێگەی تا پەیوەست بون بە عەقڵی کارا و دەستەودامێن کردنی هەردو هێزی ئەندێشـــە و ژیری بەیەکەوە و تایبەت کردنی هێزی ئەندێشـــە بە پەیامبەر و دامەزراندنی تیۆری پەیامبەرێتی، هەوڵدانێکی بوێرانەیە بۆ دەســـتەبەرکردنی بنەمایەکی ژیری بۆ ئاین و کۆشـــشـــێکە بۆ گونجاندنی ئاین و فەلســـەفە. لەڕاســـتیدا ئەم هەوڵە ڕەســـەنایەتی فەلســـەفەی فاڕابی دەردەخات و مۆرکی تایبەتی ئەوی پێوە دیارە و لەلای هیچ فەیلەسوفێک بەر لەو بەم شێوەیە باس نەکراوە و بەرچاو ناکەوێت (كرماني، ١٣٧٦، ١٧٠).

3. ئەفلاتۆن لە گەڕان بەدوای وەڵامی چییەتی دادپەروەریدا شـــاری نمونەیی بنیات دەنێت و ئامانجەکەی بریتییە لە گەیشتن بە دادپەروەری، ئامانجی فاڕابی لە شاری فازیلەدا دادپەروەری نییە بەڵکو گەیشتنە بە بەختەوەری. هەروەها ئەفلاتۆن ســـیســـتەمێکی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنێت کە تێیدا هەمو شـــتێک تەنانەت موڵکی گشـتی هاوبەشـە لەنێوان تاکەکاندا. لەکاتێکدا بەهیچ جۆرێک لە شـاری فازیلەدا وەها بیروبۆچونێک بەرچاو ناکەوێت و بەتەواوەتی دورە لە بیروبۆچونەکانی ئەوەوە (افلاطون، ١٣٨٠، ٢٨٣).

4. ئەو تایبەتمەندیانەی فاڕابی بۆ شـــاری فازیلە دەســـتنیشـــانیان دەکات، لەڕاســـتیدا زۆربەیان لە کتێبی کۆماری ئەفلاتۆن وەرگیراون. بەڵام فاڕابی هەندێک خەســـڵەت و تایبەتمەندی تری بۆ زیادکردوە. وەک

کامڵی جەستەیی و لێهاتویی لە جەنگدا. جگە لەوەش، فاراِبی فەرمانڕەوای شاری فازیلە بە فەیلەسوف دەزانێت. واتە کەسێک کە هەم لە هێزی ژیری گەیشتۆتە کامڵی و هەم لە هێزی ئەندێشە. لەبەرئەوە هەمو ئەو شتانەی پەی پێ بردوە دەتوانێت بە زمانێکی سادە و وێنەیی دەریان ببڕێت (فاراِبی، ٢٠١٩، ١٣٥-١٣٦).

5. ئەفلاتۆن بەیەکەم کەس دادەنرێت لە مێژودا کە سیستەمێکی یوتۆپی بنیات نابێت. ئەم داهێنانەشی لە کتێبی کۆمار نەخشاندوە و کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر فەیلەسوفانی پێش خۆی. بێ گومان فاراِبی بیرۆکەی شاری فازیلەی لە ئەفلاتۆن وەرگرتوە، بەڵام ئەو بارودۆخەی فاراِبی تێیدا ژیاوە جیاواز بوە لە بارودۆخی ئەفلاتۆن.

6. بۆچونەکانی فارابی و ئەفلاتۆن دەربارەی ئاستەکانی ژیری مرۆڤ لەیەک جیاوازن. فاراِبی وەک تیۆری هێڵ باسی لێوە دەکات و چوار ئاستی بۆ دیاری دەکات بەڵام ئەفلاتۆن سێ ئاستی بۆ دیاری دەکات. بۆ هەر ئاستێکیش بیر و بۆچونیان جیاوازە. ئەفلاتۆن پێی وایە عەقڵی مرۆڤ لەڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانەوە دەگات بە زانین و ڕاستی. بەڵام لەلای فاراِبی عەقڵ بۆخۆی ئەو توانایەی نییە ئەگەر عەقڵی کارا یارمەتی نەدات و هاوکاری نەبێت لە پرۆسەی زانیندا (پاپکین و استرول، ١٣٨٩، ١٥١).

7. فاراِبی لە کتێبی شاری فازیلەدا لەبابەتی بوونناسی و خواناسی دەست پێدەکات و هەنگاو بەرەو بنیات نانی شاری فازیلە دەنێت لەکاتێکدا ئەفلاتۆن بە پێچەوانەوە لەپاش بنیات نانی شاری نمونەیی دەڕوانێتە بابەتەکانی پەیوەست بە بوونناسی و خواناسییەوە.

8. فاراِبی هەوڵی داوە لەڕێگەی شیکردنەوەی شارە نافازیلەییەکانەوە تایبەتمەندییەکانی شاری فازیلە بخاتەڕو بەڵام ئەفلاتۆن لە کتێبی کۆماردا ڕاستەوخۆ باسی لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت شاری نمونەیی کردوە. هەریەک لە فاراِبی و ئەفلاتۆن شارە نمونەییەکەیان لەسەر ئایدیای عەقڵی تەواو بنیات ناوە (4 .(Mintz, 2016,

9. فاراِبی وەک ئەفلاتۆن ڕەوشت لە سیاسەت جیاناکاتەوە و ڕەوشتی تاک و فەزیلەتەکانی بە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگا دادەنێت. بنەمای میانڕەوەی پەسند دەکات و بە بنەمای هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری فەزیلەتمەندانە هەژماری دەکات.

10. میتۆد و شێوەی دارشتنی شاری فازیلە بریتییە لە شێوازی دارِشتن بەڵام کتێبی کۆمار بەشێوەی دیالۆگ دارێژراوە.

11. لە شاری فازیلەدا فاراِبی باسی پەروەردە ناکات بەڵام ئەفلاتۆن بەشێکی زۆری کتێبی کۆماری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردوە.

12. لە شاری فازیلەدا پەیامبەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت و ئاین بەشێکی گرنگی پێکهاتەی شاری فازیلەیە، لەکاتێکدا لە کۆماری ئەفلاتۆندا ئاین ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە.

13. لەڕوی بیروبۆچونە ئۆنتۆلۆژی و کۆسمۆلۆژی و میتافیزیکییەکانەوە، فارابی کاریگەر نەبوە بە بۆچونەکانی ئەفلاتۆن بەڵکو لە ئاینی ئیسلام وەریگرتون (کرماني، ١٣٧٦، ٣٤٢).

**خەسڵەتەکانی فەرمانڕەوا (شا فەیلەسوف یان سەرۆکی شار)لای فارابی:**

فارابی لە تەوەرەی بیست و هەشتەمی کتێبی شاری فازیلەدا دوازدە خەسڵەتی بە مەرج داناوە کە پێویستە لە سەرۆکی شاری فازیلەدا بەرجەستەبن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- فەرمانڕەوا پێویستە سەرجەم ئەندامەکانی تەواو بێت و ئەندامەکانی هێزی تەواویان هەبێت بۆ ئەو کردارانەی کە پێویستە پێی بکرێت و هەرکاتێک بیەوێت بە یەکێک لە ئەندامەکانی کار بکات، بە ئاسانی پێی بکرێت.
- پێویستە بە سروشت تێگەیشتنێکی تەواوی هەبێت بۆ هەر شتێک کە پێی دەگوترێت و بە تێگەیشتنی ئەوە وەری بگرێت کە پێی دەوترێت و قسەکەر مەبەستیەتی.
- توانای لەبەرکردنی باش بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی ئەو شتانەی دەیبینێت و دەیبیستێت و پەی پێدەبات لەبەریان بکات و لەبیری نەچنەوە.
- زیرەکییەکی باشی هەبێت و بتوانێت ئەگەر شتێکی بینی بە کەمترین بەڵگەی تەواو لەسەر شتەکە بە زیرەکی پەی پێ ببات و بیسەلمێنێت.
- زمان پاراو بێت و گوزارشتەکانی جوان و تەواو بن. توانای ڕون کردنەوەی هەبێت بە تەواویەتی و واتە بە ئاشکرا و ڕون دیاربێت و گوزارشتەکان و زمانی توانای ڕونکردنەوە و پاراوتنی هەبێت (فارابی، ٢٠١٩، ١٣٥).
- خۆشەویستی هەبێت بۆ فێربون. ماندوبون و خۆتەرخان کردن بۆ فێربون ئازاری نەدات.
- هەڵپەی نەبێت لە خواردن و خواردنەوە و ژن هێناندا و بە سروشت دوربێت لە گاڵتە و گەپ.
- ڕاستی و هاوڕێیانی ڕاستی خۆش بوێت. ڕقی لە درۆ و هاوڕێی درۆ بێت.
- دەرونی مەزن بێت و کەرامەت و ڕێزی خۆش بوێت. بە سروشت دەرونی خۆی گەورەتر بگرێت لە هەر شتێکی ناشرین کە ڕودەدات.
- پارە و پول و تەواوی ڕواڵەتە دونیاییەکانی لەلا بێ نرخ بێت.
- بە سروشت داد و دادگەرانی خۆش بوێت و ڕقی لە ستەم بێت. مافی هەمو کەسێک بدات و هانی خەڵکیش بدات لەسەر مافدان. سەرکەش و ملهوڕ نەبێت کاتێک بانگ دەکرێت بۆ دادگەری. بەڵام سەختگیر و سەرکەش بێت کاتێک بانگ دەکرێت بۆ ستەمکاری.

- ویستی بەهێزبێت لەسەر شتێک کە وادەبینێت دەبێت بکرێت. سوربێت لەسەری و بەرەو ڕوی بڕوات و نەترسێت و دەرونی لاواز نەبێت (فاڕابی، ٢٠١٩، ١٣٥-١٣٦).

## خەسڵەتەکانی فەرمانڕەوا (شافەیلەسوف) لەلای ئەفلاتۆن

لە ڕوانگەی ئەفلاتۆن دەوڵەتی باش بەهۆی تاکە باشەکانەوە دروست دەبێت، ئەگەر دەوڵەتیش خراپ بو، هاووڵاتی ئاسودەیی نامێنێت و ناتوانێت لە سایەی دەوڵەتێکی ستەمکار و خراپەوە بەختەوەر بێت. دەشێ هاووڵاتی باش وەک هەوێنێک سەیربکرێت بۆ دروستبونی دەوڵەتی باش. لە ڕوانگەی ئەفلاتۆن دەوڵەت تەنیا بۆ گەمەی سیاسی و بەرژەوەندی سیاسی نییە، بەڵکو دەوڵەت ئەرکی لێپرسینەوەی ڕەوشتی دەکەوێتە سەر تاک ناتوانێت لە دەروەی دەوڵەت بە بەختەوەری و ئاسودەیی بگات. ئەرکی دەوڵەتیشە ئەم بەختەوەرییە بۆ تاکەکانی مسۆگەربکات، ئەمەش لە ڕێگەی یاسادانانەوە بەدیدێت، یاساش پێویستی بە یاسادانەران دەبێت، کە خۆی لەکەسانی زانا و ژیر دەبینێتەوە(احمد،٢٠٢١، ١٣٢-١٣٤).

گرنگترین خەسڵەتەکانی فەرمانڕەوا 'شافەیلەسوف' لای ئەفلاتۆن:

- پێویستە فەیلەسوفەکان فەرمانڕەوابن، واتە شا فەیلەسوف بن.
- پێویستە هێزی سیاسیان ئاوێتەی فەلسەفە بکەن.
- فەیلەسوفان زاناترین کەسی کۆمەڵگەن بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات مافی ئەوانە.
- بەهۆی تایبەتمەندیە سروشتییەکانیانەوە لەهەموان زیاتر بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە دەزانن و گرنگی پێدەدەن.
- فەرمانڕەوای فەیلەسوف دۆستی زانستە و ئارەزوخوازی بینینی ڕاستییە و تەنها فەیلەسوف ئاشنا دەبێت بە ڕاستی و دەگۆڕێت (مراغێئی، ٢٠٠٥، ١٠٦-١٠٧).
- فەرمانڕەوا دەبێت ژیانی سادە و ساکار بێت و نابێت خانو و پارەی هەبێت.
- دەبێت جل و بەرگیشیان لەلایەن خەڵکەوە بۆ دابین بکرێت و خۆراک و موچەیان لەلایەن هاووڵاتیانەوە بێت وەک یارمەتی و موچەیەکی بڕاوە بۆ ئەو ئەرکەی جێبەجێی دەکەن وەک پاسەوان. لەژێر بنەما و ڕاهێنانی سەربازیدا بژین.
- فەرمانرەواکان خزمەتی کۆمەڵگە دەکەن نابێت ئارەزوی بەدەستهێنانی شتە دونیاییەکانیان هەبێت.
- بەختەوەری خودی شا فەیلەسوفان هەوێنی بەختەوەری کۆمەڵگایە، بۆیە فەرمانڕەوایان دەبێت وەک شوان بن بۆ هاوکارانیان و وەک شوان مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییەکانیان بکەن(سوڵتان، ٢٠١٦، ٧٦).

## ئەنجام

1. فاراِبی وەک فەیلەسوفێکی دیاری ئیسلام توانیویەتی نمونەیەکی باڵای جیهانیی دەوڵەتداری سیاسی ئیسلامی پێشکەش بکات لەشاری فازیلەدا، کە فەرمانڕەوا ڕابەرایەتی دەکات و بە سیاسەتی ژیرانە و بەها باڵاکانی ڕەوشت بەختەوەری نەبڕاوە بۆ دانیشتوانەکەی مسۆگەر دەکات.

2. لەلای فاراِبی فەرمانڕەوا نوێنەری هۆی یەکەمینی هەمیشە هەبو واتە خوایە لەسەر زەوی و جێبەجێکاری یاسا ئاینی و دونیاییەکانیەتی بە پەیامێکی ئامانجدار کە گەیشتنە بە بەختەوری بە لێزانی و دانایی و ئەوپەڕی دڵسۆزی و بوێرییەوە.

3. سیاسەت لەلای فاراِبی ناکرێت لە ڕەوشت جیابکرێتەوە. سیاسەتی دروست لە شاری فازیلەدا پێویستی بە فەرمانڕەوا و کاربەدەستانی شیاو هەیە تاکو جێبەجێی بکەن. ڕەوشت بەهایەکی گرنگی فەراهەمکردنی ژینگەی لەباری ڕێک و پێکە بۆ دانیشتوانی شاری فازیلە و پێویستە هەر لە فەرمانڕەواوە هەتاوەکو دواین هاووڵاتی شار بە کرداریی ڕەنگ بداتەوە.

4. فەرمانڕەوا کۆڵەکەی سەرەکی و پایە و سەرچاوەیەکی گرنگی شاری فازیلەیە. ڕێنیشاندەر و چارەکاری بارودۆخە ناهەموارەکان و ڕزگارکەر و پارێزەری خەڵکی شار و فریادڕەسی کۆمەڵگەیە. بەربەستێکی پۆڵاینە لە بەرامبەر هەمو مەترسیە دەرەکی و ناوەکییەکان کە ڕوبەڕوی شاری فازیلە دەبنەوە و پارێزەری سنوری شاری فازیلەیە.

5. بە سود وەرگرتن لە فەلسەفە پیینەکانی پێش خۆی بە گشتی و فەیلەسوفانی یۆنانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ، فاراِبی تیۆری دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراند و ئاڕستەکانی لە چوارچێوەی ئاین و گەردوندا دیاری کرد. هەروەها چینەکانی کۆمەڵگەی دیاری کرد لە پێنج جۆردا کە ئەمانەن: فەرمانڕەوایان و پیشەوەران و خەملێنراوان و زمانزانان و سەربازان. ئەفلاتۆنیش کۆمەڵگەی دابەش کرد بۆ سێ چین کە ئەمانەن: فەرمانڕەوایان و سەربازان و پیشەوەران.

6. فاراِبی شاری فازیلەی تایبەتمەند کرد بە بەها باڵا ڕەوشتییەکان و جیایکردەوە لە شارە نافازیلەییەکانی تری وەک شاری نەزان و گۆڕاو و لەڕێدەرچو و گومڕا.

7. لەلای هەریەک لە فاراِبی و ئەفلاتۆن فەرمانڕەوا چڵەپۆپەی دەسەڵاتی شارە و پێویستە دانا و لێزان و فەیلەسوف بێت. ئەفلاتۆن پێی وایە هەموان مافی پەروەردەیان هەیە و کچ و کوڕ جیاواز نین. فاراِبیش جەخت لە چەسپاندنی بنەماکانی ئاینی ئیسلام دەکاتەوە لە پەروەردەی خەڵکی شاری فازیلەدا.

# Politics and Ethics in Farabi’s View

**Kaifi Abubaker Hamad[1] - Zryan Hamza Aziz[2]**

[1+2] Department of Philosophy, College of Human Sciences, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Farabi, the great philosopher and founder of Islamic philosophy, has a comprehensive global political system for managing humanity entitled the city of Fazila. The city of Fazila is a city that is perfect in all aspects and contrary to the cities of non-fazila and leads us towards eternal happiness. The people of Fazila are working hand in hand for happiness . Farabi, taking advantage of Islam and ancient Greek philosophy, establishes a strong political system in which he believes that morality and politics bind an inseparable relationship. This means that the essence of politics reaches virtue within the framework of morality and the commitment of the people of Fazila a city to high morals .The ruler and the country's president are very important to Farabi. It is an important source of policy implementation and the high principles of The City of Fazila and provides happiness for its people. The ruler has qualities such as psychological, physical, and wisdom that distinguish him from all the people of the city and provide him with the ability to take responsibility for the country. In this way, Farabi establishes the theory of the Islamic State as a Muslim philosopher, and despite taking advantage of old Greek philosophy, especially philosophers such as Plato and Aristotle, it opens the time for the realization and preservation of a set of established Islamic principles, such as believing in God, the messenger and the angels, the existence of inspiration and the revelation of God, and knowing the psyche and the universe in his Islamic state .In terms of education, politics, morality and division of the community classes, and the characteristics of the city's president and ruler (Shahfailasuf), there are common and different points between Farabi and Plato. Comparing the views of the two philosophers helps to understand Farabi's views in Fazila and the theory of his Islamic state in general, and Farabi's view of politics and ethics in particular.

**Keywords:** Politics, Ethics, The City of Fazila, The King Philosopher King.

## لیستی سەرچاوەکان

احمد، زریان همزه عزیز(٢٠٢١). فەلسەفەی سیاسی لە دیدی پلاتۆندا. ماستەرنامە، بڵاونەکراوە، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی فەلسەفە.

جومعە، محەمەد لوتفی (٢٠١٦). مێژووی فەیلەسوفانی ئیسلام، و: ڕەسوڵ بەختیار، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

سوڵتان، ئاوات ئەحمەد (٢٠١٦). فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتۆن، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

فاڕابی، ئەبو نەسر موحەمەد (٢٠١٩). بیروبۆچونی خەڵکی شاری فازیلە، و: مەریوان عەبدول، چ١، کتێبخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

قانع، مەریوان وریا (٢٠١٣). فیکر و دونیا، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

مراغێئی، علی مرادی (٢٠٠٥). چ کەسێک حوکم بکات؟، و: ئەکرەم ئیسماعیل ئێدلبی و هەوار نەسرەدین ئێدلبی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

ئەفلاتون (٢٠٠٩). کۆمار، و: محەمەد کەمال، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ابو الفتوح، هالة احمد (٢٠٠٠). فلسفة الأخلاق و السياسة، المدينة الفاضلة عند كونفوشيوس، دار قباء للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة.

الاردكاني، رضاداوری (٢٠٠٧). الفارابي فيلسوف الثقافة، ت: عبدالرحمان العلوي، ط١، دار الهادي، بيروت.

ارسطو (١٩٥٧). السياسيات، ت: الاب اغسطينس بربارة البولسي، اللجنة الدولية لترجمة الروائع الإنسانية (الاونسكو)، بيروت.

افلاطون (١٩٧٤). فيدون، ترجمة: على سامى النشار و عباس الشربينى، ط٣، دار المعارف، القاهرة.

الأهواني، احمد فؤاد (١٩٦٥). افلاطون سلسلة نوابغ الفكر الغربي، دار المعارف، بيروت.

بدوي، عبدالرحمان (١٩٨٤). موسوعة الفلسفة، ط١، ج١، بيروت، لبنان.

الجابري، محمد عابد (١٩٧٥). مشروع قراء جديد لفلسفة الفارابي السياسية و الدينية ضمن: الفارابي و الحضارة الإسلامية، وزارة الاعلام، بغداد.

الجبر، محمد (١٩٩٤). الفكر الفلسفي و الأخلاق عند اليونان، ارسطو نموذجا، ط١، دار دمشق، دمشق.

حمو، ايت محمد (٢٠١١). الدين و الفلسفة في فلسفة الفارابي، التنوير للطباعة و النشر، التوزيع، بيروت، لبنان.

السعيدي. حميد (٢٠٠٦). اثر الفارابي في فلسفة ابن خلدون، ط١، دارالهادي، بيروت.

شتراوس، ليو (٢٠٠٥). تاريخ الفلسفة السياسية، ت: محمود سيد احمد، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.

شلبي، احمد (١٩٨٣). السياسة في الفكر الإسلامي، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

صقر، مصطفى سيد احمد (١٩٨٩). نظرية الدولة عند الفارابي، مكتبة الجلاء الجديد، المنصورة، القاهرة.

صليبا، جميل (١٩٩٥). تاريخ الفلسة العربية، ط٣، بيروت.

عاتي، ابراهيم (١٩٩٣). الإنسان في الفلسفة الإسلامية (نموذج الفارابي)، ط الهيئة العامة للكتاب، القاهرة.

عاتي، ابراهيم (١٩٩٣). الإنسان في الفلسفة الإسلامية (نموذج الفارابي)، ط الهيئة العامة للكتاب، القاهرة.

العالي، بن عبد عبدالسلام (١٩٨١). الفلسفة السياسية عند الفارابي، ط٢، دار الطليعة، بيروت.

عبدالفتاح، إمام (٢٠١٠). الاخلاق و السياسة (دراسة في فلسفة الحكم)، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة.

عبدالله، موسى (٢٠١٣). المدينة و الاخلاق في خطاب الفارابي: من اجل استكمال اتيقا محذوقة في الفلسفة العربية الإسلامية، ابن النديم للنشر و التوزيع، دار الروافد الثقافية، ناشرون.

عمارة، محمد (٢٠٠٧). الاسلام و السياسة: رد على شبهات العلمانيين. ط١، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة.

الفارابي، ابو نصر (١٩٦١). فصول المدني، نلوب، كمبريج.

الفارابي، ابو نصر (١٩٦٤). السياسة المدنية، حققة و قدم له: د. فوزي نجار، ط١، دار المشرق، بيروت.

الفارابي، ابو نصر (١٩٩١). الملة و النصوص اخرى تحقيق: د. محسن مهدي، ط٢، دار المشرق، بيروت.

الفارابي، ابو نصر (١٩٩٢). التنبيه على سبيل المساعدة (الفارابي الأعمال الفلسفية)، تحقيق: د. جعفر آل ياسين، ط١، دار المناهل، بيروت.

فيناس، غسان (١٩٨٩). تاريخ الفلسة الإسلامية، دارالكتب، دمشق.

القرآن الكريم.

لبيب، عبدالعزيز (١٩٨٧). الايطوبيا و الايطوبيات، الكلمة و الاصناف و الدلالات، مجلد فصوح، ج٤، دمشق.

مرحبا، محمد عباالرحمان (٢٠٠٧). من فلسفة اليونانية الى الفلسفة الإسلامية، ج٢، بيروت.

مطر، اميرة حلمي (١٩٧٨). الفلسفة السياسية، دار الثقافة للطباعة و النشر، القاهرة.

مهدي، محسن (٢٠٠٩). الفارابي و تاسيس فلسفة الإسلامية، ت: الحاج حسن، دار الفارابي، بيروت.

افلاطون (١٣٨٠). فايدون، دوره اثار، ت: محمد حسين لطفى، رضا كاويانى، ج١-٤، شركت سهامى، انتشارات خوارزمى، تهران.

برنجكار، رضا (١٣٩١). اشنايى با فرق و مذاهب اسلامي، چ: هفدهم، كتابة طة، قم.

پاپكين، ريچارد و استرول اوروم ١٣٨٩. ترجمة و اضافات: دكتر سيد جلال الدين مجتبوى، نشر حكمت، تهران.

فاخورى، حنا و جر، خليل (١٣٧٣). تاريخ فلسة در جهان اسلام، ت: عبدالمحمد ايتى، انتشارات علمى فرهنگى، تهران.

كرماني، فرناز ناظرزاده (١٣٧٦). اصول مبادئ فلسفة سياسي فارابي، انتشارات دانشگاه الزهرا، تهران.

Germann, N. (2016). Al-Farabi's Philosophy of Scociety and Religion, The Stanford Encyclopedia of Philosophy, Stanford University, Stanford, CA 94305-411. Available from: https://plato.stanford.edu/entries/al-farabi-soc-rel / Accessed: [Mar 6th, 2020].

Mintz A. (2016). The Education of the Third Class in The Republic: Plato and the locus classicus of formative justice, *Teachers College Record*, Vol. 118, Issue 10.

Tesch, N. (2020). Al-Farabi, Muslim Philosopher, Encyclopedia Britannica, inc. Available from: https://www.britannica.com/biography/al-Farabi Accessed: [Mar 5th, 2020).